یادنامە
YADNAMA

ئامانجمان لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە نوسینەوەی ڕوی ڕاستی رووداو و یادنامەکانە، بە مەبەستی سود گەیاندن بە مێژوی دێرینەی گەل و نیشتمانەکەمان، بەڵام بێجگە لە سەروتار، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێك، کە بڵاو ئەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە.

ژمارەی ٤٣ی کانونی یەکەم ٢٠٢٢ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.43.December2022

## ساڵی نوێ ... ساڵی پیرۆزبایی بێ لە تێپەڕاندنی قەیرانەکان،ساڵی خێرو خۆشی بێت

**یادنامە**

هیچ کات بەقەد ئێستا کورد پێویستی بە یەکیەتی ناوەکی و ڕێکخستنی نێو ماڵی کوردی نیە ، قۆناغێکە کە کێشەکان ئەمساڵ دەیدات بە ساڵێکی و ترو هەگبەی ساڵی ڕۆیشتو پڕە لە کێشە و قەیران و هەر ساڵێکی تر قەیران زیاتر دەخاتە ناو قەیرانەکانی ساڵی نوێ ، وەک یادنامە سەرەڕای پیرۆزبایی هیوادارین ساڵی نوێ ساڵی دراسەکردن و چارەسەری قەیرانەکان بێت ، هیوادارین ساڵی نوێ ژوری نەشتەرگەری و چارەسەر بێ بۆ قەیرانە کەڵەکە بوەکانی ساڵانی ڕابردو.






## دۆسیەی سەرچنار بەرەو کوێ..؟؟

**یادنامە**

بڕیارەکەی سەرۆکی یەکێتی نیشتمانی کۆمەڵێک دیوی هەیە و دەکرێت هەر دیوەی بە جیا خوێندنەوەی بۆ بکرێت :

1. یاساکان : بۆ هەر کارێک و هەر دیاردەیەک و هەر کێشەیەک دەبێت بگەڕێینەوە سەر یاساکان و بە پێی یاساکان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت خۆ ئەگەر یاسایەکیش نەبێت بۆ دیاردەیەک دەبێت پەرلەمان بە پێی خوێندنەوە یاسایی یاسای تایبەتی بۆ دەربکات ، ئەوەی کاک باڤڵ کردی نازانرێ بە پێی چی یاسایەک مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت ، ئەگەر چی کارێکی باشە بەڵام دەبێت لە چوار چێوەی یاسادا بکرێت ، ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە ئەگەر بە یاسا ئەم جۆرە قەدەغەکرا بێت بۆچی هەبوە ، ئەگەر یاسایەکیش نیە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ پەرلەمان و دادگاکان و یاساکان ، ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە یاسا جێبەجێ ناکرێت و تا ئێستا سەرکردەی حیزبە باڵاکان خۆیان سەرچاوەی هەمو بڕیارێکن نەک یاسا و دادگاکان .
2. دامەزراویی حکومی : ئەگەر بە یاساش ئەم کارانە قەدەغە کرا بێ و لە ژێرەوە یان بە قاچاخ ئەم کارانە بکرێت کەواتە یاسا شکێنیە دەبێت لایەنی حکومی وەک دەستەڵاتی جێبەجێکردن هەڵسێت بە ئەنجامدانی بنەبڕکردنی کاری نایاسایی و قاچاخ ، ئەمەش دوبارە ئەو فاوڵە پیشان دەدا کە بەڕێز باڤڵ تاڵەبانی ئەگەر چی کارێکی باشی کردوە بەڵام دەبو لە ڕێگەی دامەزراوەی حکومیەوە ئەم کارە بکرایە نەک سەرکردەی حیزبێک.
3. داپۆشینی دۆسیە بە دۆسیەی تر: دوای بە گشتی بونی کێشەی جەندەر و لێکەوتەکانی کە بە بەشیک لە کارەکانی بەڕێز قوباد تاڵەبانی ناوزەند کرا و ئەمەش لە ڕوی نەریتی و کلتوری کۆمەڵایەتی و دینیەوە کاردانەوەی خراپی بە دوای خۆیدا هێنا بوە کەیسێک کە زۆر لەسەر خانەوادەی تاڵەبانی کەوت ، بۆ ئەوەی ئەم دۆسیەیە داپۆشرێت و سۆزی کۆمەڵگا بۆ لای خۆیان باڵانس بکەنەوە ، هەڵسان بەم کارە بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەی جێندەری .

بڕیارەکە بە گشتی بڕیارێکی باشە بەڵام دەکرا ڕەچاوی یاسا و لایەنی جێبەجێکردن بکرایە نەک بڕیارێکی باش دەرخەری ئەو ڕاستیە بێت کە سەرۆکی حیزب خاوەنی هەمو بڕیارێکە .

**یادنامە**

٢٠٢٢-١٢-٢٣

عیماد عەلی: ڕۆڵی تێکدەرانەی جلخوارەکانی کوردستان ... ل٢
عوسمان عومەر: گەورەیی موسا عەنتەر ... ل٣
ئیمانوێل ماکرۆن ... ل٤
حەمە کاکە ... ل٥
ڕانانی کتێبی ئیسلام و ڕۆشنگەری ... ل٧
هونەری گۆرانی کوردی و هەڵوێستەیەك ... ل٨
کوڕێکی خانە خوێ سلێمانی ... ل٩
حیزب و متمانەی گشتی ... ل١٠
یادەوەریەک لە چیای کوێرەنک ... ل١٢
لانە مەلا حسین ... ل١٣
سەردار عەبدوڵا بووە براوەی خەڵاتی ئەدەبی ... ل١٤
کورد، لە شاکارێکی ئەدەبی جیهانیدا ...ل١٥
فاکتەری کوردی لەگەمە جیۆپۆلەتیکیەکاندا ... ل١٦
پەتای گەندەڵی سیاسی لە پەرلەماندا ... ل١٧
پەلکەڕەنگینەی خۆشەویستیی و جوانیی ١٩

# عیماد عەلی: ڕۆڵی تێکدەرانەی جلخوارەکانی کوردستان

بۆ سەلماندنی ئەوەی کە بەریتانیا و جلخوارەکانی کورد بە خۆی و بارودۆخە بابەتیەکەی ناوچەکەوە بەرپرسن لە نەبوونی دەوڵەتی کوردستان، بۆ بەرچاو ڕوونی و دەرخستنی ڕاستیەکان، ئەم بەڵگەتان دەخەینە بەرچاو. لە 9ی گەلاڕێزانی دەمەدەمی پایزی ساڵی 1956، وەفدێک کە پێکهاتبون لە مامۆستاجەمال نەبەز و عەزیز موحەمەد و شێخ ئەحمەدی شێخ ڕەئووف، بەمیوانی سەردانی شێخ مەحمودی حەفید لە گوندی داریکەلی دەکەن. لەوێدا مامۆستا جەمال نەبەز دەبێژێت : زۆر بەختیارم لە خزمەت شای کوردستاندام. شێخ مەحمود دەڵێت: شای کوردستان! شای کوردستانی چی کوڕم، ئەگەر شای کوردستان بام ڕێم لێ نەدەگیرا بە کوردستاندا بگەڕێم. کە باس دێتە سەر باسی ئینگلیزەکان، شێخ دەڵێت ئینگلیزەکان بە منیان دەوت بچۆ شەڕی تورک بکە. جلخوارەکانیش دەیانوت تورک موسڵمانن و لەگەڵیان ڕێک بکەوە، ئەم جلخوارانە لە ناو خەڵکیشدا ترسیان بڵاودەکردەوە و ئەوەیان دەوت کە ئینگلیزەکان ماوەیەک لێرە دەبن و دەڕۆنەوە و ئەوسا تورک دەگەڕێتەوە و تۆڵە لەوانە دەسێنێتەوە کە پشتی ئینگلیزیان گرتووە.

بەڵێ ئەمە هەڵوێستی جلخوارەکانی کوردستانی ئەو ڕۆژە بووە کە پشتگیریان لە تورک کردووە و هانی شێخیان داوە هاوکاری تورک بکات، گوایە ئەوانە موسڵمانن، ئەمڕۆش جلخوارەکانی کوردستان هەمان هەڵوێستیان هەیە. ئەمانە بە فکر بێت یان بە پەرستنی بەرژەوەندی کەسی و ملکەچبوون و داردەستەیی و شێخانی بەرماڵ، هەمیشە ملکەچی داواکاریەکانی دوژمن بوون و قەت بەرژەوەندی و ئایندەی گەلی کوردستانیان لەبەرچاو نەگرتووە.

جەمال نەبەز لەوێدا کە لە شێخی نەمر دەپرسێت، قوربان ڕەنگە جەنابت دوودڵ بوو‌بیت لە شەڕکردن دژی تورک، چونکە ئەوان موسڵمان بوون. ئا لەوێدا بە پێچەوانەی هەموو ئەو پڕوپاگەندانەی لە کوردستان دەکرا و تا ئێستاش دەکرێت، شێخی نەمر دەڵێت: موسڵمان! تورکەکان موسڵمان نەبوون نە عوسمانیەکان نە کەمالیەکانیش موسڵمان نەبوون. جا ئەگەر موسڵمان بونایە چۆن ئینگلیزەکانم دەهێنایە کوردستان، موسڵمان ئەوەیە خوێنی خەڵک برێژێ؟ ڕاورووت بکات؟ نوکی ڕمەکانی بکات بە سنگی منداڵی ئەرمەنیەکاندا؟ دەست بۆ ناموسی ژنان درێژ بکات؟.

ئەوەی گرنگە لێرەدا شێخ باسی ئەوە دەکات کە جلخوارەکانی ئێمەش موسڵمان نەبوون. هەموو (سەرسەری) و (ئارەق خۆر) و (بەنگ- کێش) بوون. ئینگلیزەکان نەدەچوونە ژێر هیچ پەیمان و بەڵێنێک بۆ دوارۆژی کوردستان. شێخ دەڵێت: دەمویست بزانم ئەو کوردستانەی ئەوان بەرەسمی دانی پێدادەنێن سنوورەکەی دەگاتە کوێ، بەڵام ئەوان هیچیان نەدەگوت، هەر دەیان گوت تۆ جارێ بچۆ شەڕی تورکان بکە. ئا لەبەر ئەوە بوو شەڕی تورکم نەکرد، نەک لەبەر ئەوەی موسڵمان بوون.

بەمە بێت، لەبەر نەبوونی هیچ پەیمانێک لە لایەن ئینگلیزەوە شێخی نەمر شەڕی تورکی نەکردووە، نەک لەبەر موسڵمان بوونیان وەک زۆرینە باسی دەکەن و، ئەم پڕوپاگەندەیەش ئینگلیز لەبەر چەواشەکاریی خەڵک لە نێو کورددا بڵاوی کردۆتەوە و خەڵک تا ئێستا باوەڕی پێکردووە. شێخ دەبێژێت زۆر هەوڵم دا دڵی ئینگلیزەکان ڕابگرم، بەڵام ئەوان لە پشتەوە و بە دزیەوە خەریکی پاشقول گرتن بوون لە من و هەندێک هەتیمچە و ناکەس بەچەیان چراخ کرد و ڕاستکردەوە لە دژی من، بۆیە باوەڕم بە ئینگلیزەکان نەما. شێخ کە باس لە سەر عیراق دەکات، دەبێژێت: ئەم عیراقە کابرایەکی ( دودەکی) سێر پێرسی کۆکس دروستی کرد، کە لەگەڵ فەیسەڵە ( حیز) سەربەسەرێنەیان دەکرد.

دەمی هەر کەسێک دەکەیتەوە ڕەخنە لە شێخ مەحمودی نەمر دەگرێت، گوایە لەبەر خاتری ئیسلامێتیی تۆقەی لەگەڵ ئینگلیز نەکردووەو هەر لەبەر ئیسلامێتی شەڕی تورکی نەکردووە و ئایندەی کوردی زامن نەکردووە و عەقڵی بەو سیاسەتە نەشکاوە و پرسی گەلی کوردستانی دۆڕاندووە. گوایە لەوە ئاگادار نەبووە کە بەریتانیا لەو کاتەدا لە توانایدا بووە وڵاتمان بۆ دروست بکات، گوایە شێخی نەمر پشتگیری لە تورک کردووە لە دژیان.



ئا ئەم ڕاوبۆچون و قسەیەی کە بۆ ماوەیەکی زۆرە لەسەر زاری گەورەو بچوکدا بڵاوبۆتەوە، بێ ئەوەی کەس سەرچاوەکەی بزانێت و ئەوە لێکبداتەوە کە ئەم بۆچونە بۆ چی مەبەستێک بڵاودەکرێتەوە. بێگومان دیارە ئەمەش یەکێک بووە لەو واتەوات و پڕوپاگەندانەی موخابەراتی جیهانی و بە تایبەتی بەریتانی کە کوردی پێ هەڵخەڵەتاندووە و تاوانی دروستنەبونی دەوڵەتی کوردی لەسەر خۆی لابردووە و تەنانەت گوناحەکەیشی خستۆتە سەر کوردی بێگوناح خۆی و سەرکردەکەی، ئەم پڕوپاگەندەش هیچ ڕاستیەکی تێدا نیە.

لێرەدا ڕۆڵی ناجوامێرانەی جلخوارەکان بەزەقی دەردەکەوێت و لەمرۆشدا زۆرێک حزب و کەسایەتی و بیر چەوتی پەیوەست بە تورک و وابەستە بە فکری چواشەکاری ئایینی و مەزهەبیانەی تورکیا دووبارە هەمان ڕۆڵی کۆنە جلخوارەکان دەبینن.

**لە وتاری کورد وەرگیراوە**

# عوسمان عومەر: گەورەیی موسا عەنتەر

موسا عەنتەر لە سەردەمانێک ژیاوە کە نکۆڵی لەبونی کورد و زمانەکەشی کراوەو تا ئێستاش دەکرێ.

موسا عەنتەر کتێبی بیرەوەریەکانی تەژییە لەبەسەرهات و نەهامەتی بارودۆخی کوردانی باکور بەدەست ڕژێم و حوکمدارە چ سەربازی چ سیاسی تورکیا دەناڵێنی تا ئەمڕۆش. هەندێ لەو بەسەرهاتانە، مرۆ دەخاتە پێکەنین و هەندێکیان دەتخاتە تاسەر بیرکردنەوە کە بۆچی حوکمڕانی ئەو ڕژێمانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە هێندە لەکوردو هەندێ کەسایەتی بترسن؟ زۆرجار بەدرندەی کێوی ناوی ببەن, یا بە لەیاسا دەرچوو, یا لەم سەردەمە بەتیرۆریست ناوی ببەن، مافەکانی پێشێل و زەوت بکەن. ئەوەی جێگەی داخیشە کە لە پارچەیەک دەسەلاتی خۆماڵی هەیە, ئەویش ناحەقی بەرامبەر ڕۆڵەکانی گەلەکەی دەکات و لەزۆر شت بێبەشیان دەکات و سزاشیان دەدات لەسەر دەربڕینی ڕایەک یا بۆچونێک بە زیندانی کردن وەک ڕژێمە ڕەگەز پەرستەکان. لێرەدا پرسیارێک بەبیرو هزرمدا دێت ئایا کورد لە ئەزەلەوە بۆی نوسراوە کە ئازاد نەبێ؟ ئایا کورد لە ئەزەلەوە بۆی نوسراوە هەر سزا بدرێ؟ ئایا لە ئەزەلەوە بۆی دیاریکراوە هیچ مافێکی نەدرێتێ و هەر بەزەلیلی ژیان بەسەرببات خاوەن دەولەت نەبێ؟

موسا عەنتەر یەکێکە لەو تێکۆشەرانەی تا ئەو ڕۆژەی خرایە ناوگۆڕ هەربەشی ئەشکەنجەو ئازاردان و بەندیخانە بووە، بۆیە پێویستە لای هەمو دلسۆزێک بەقەد بەرزی نێوان ئەرز و ئاسمان لامان گەورە بێت.

دوو ووشە بەهەلە تێگەیشتن

موسا عەنتەر لە کتێبی بیرەوەریەکانمدا دەگێرێتەوە, بەپێی خوێندنەوەم ئەو کات تەمەنی نزیکەی 75 ساڵ بووە. کاتێ لە مێردین دەستگیردەکرێ, لەسەر ئەوەی جەمیل ماهوێ لە بەیروتەوە هاتۆتە نوسەیبین و لەوێشەوە سەردانی موسا عەنتەری کردووەو چایەکیان پێکەوە خواردۆتەوەو کابرا چۆتەوە گوندەکەی خۆی پاش 5 کاتژمێر دەستگیرکراوە، لە گرتوخانەکە ئەفسەرێک ڕوو دەکاتە گیراوەکان و پێیان دەڵێت: هەرکاتێک ویستتان ناتوانن بچنە تواڵێت, بەڵکو تەنیا ڕۆژانە 3 جار ئەویش بەیانیان, نیوەڕۆیان و ئێواران, لێرەدا موسا عەنتەر بە ئەفسەرەکە دەڵێت من (پرۆستاتم) هەیە و پارەتان دەدەمێ مەسینەیەکم لەدەرەوە بۆبکڕن, دوای چەند ڕۆژێک دەگوازرێنەوە, مەسینەکە لەگەڵ خۆی دەبات. ئەفسەری شوێنە نوێیەکە دەپرسێ ئەو مەسینەیە چییە؟ بۆی باس دەکات کە پرۆستاتیەتی نیوسەعات جارێک پێویستی بەتواڵێت هەیە, ئیوەش دەڵێن ڕۆژێ 3 جار تەوالیتان بۆ هەیە. لەم گفتوگۆیەی نێوان موسا عەنتەرو ئەفسەردا, عەریفێک گوێی لەقسەکانیان بووە (پرۆستات بە پرۆتستانت) تێگەیشتوە, موسا عەنتەر دەڵێت: تا ئەو هەلەیەم ڕاست کردەوە، سەرجەم سەربازو کاربەدەستانی بەندیخانەکە وەک گاورێک لە منیان دەڕوانی.

لە بەسەرهاتێکی تردا ئەوە دەگێرێتەوە دەڵێت: ساڵی 1984 ژن و مێردێکی سویدی وەکو دوو (تۆریست -گەشتیار) مندالەکانی پێش ئەوەی بێن ڕایان دەسپێرن کە هەوڵبدەن باوکیان ببینن، کاتێک ئەو گەشتیارە دێن بۆ دیتنی فەرماندەی قەرەقۆلی ناوچەکە لەگەڵیان دەبێت، دوای نان خواردن و گەڕان، ووشەی تۆریست بەهەڵە گەیشتبوە دەزگا ئەمنیەکان و ببوە( تیرۆریست), دوای دوو ڕۆژ فەرماندەی لیوا سەربازیەکە بەسەر ماڵەکەیدا دەدەن و خۆی و نەوەکەی بەچاو بەستراوی دەبرێنە فەرماندەیی ژەندرمەی مێردین، 13 ڕۆژ لە بەندیخانەی تاکە کەسی توند دەکرێن، بەلام موسا عەنتەر لەوێ مان لەنانخواردن دەگرێت و دەڵێت: ئەوەش لەبەد بەختی من بوو کە ووشەی (تۆریست بە تیرۆریست )تێگەیشتبون.

کاتی لێکۆڵینەوە فەرماندەکە دەڵێت موسا عەنتەر بۆخاتری خوا شتێکت لێدەپرسم بەڕاستی وەڵامم بدەوە؟

بەڕێزم سوێندم مەدەن، چونکە لە ئوسوڵی یاسای سزادانا تەکلیفی سوێند خواردن لە تۆمەتبار ناکرێت، چیتان هەیە بپرسن. گەر پرسیارەکە لەبەرژەوەندی من بێت، وەڵام دەدەمەوە، گەر دژی منیش بێت چەندی لەدەستم بێت



لە وەڵامەکەدا لۆف و دەوەران لێ دەدەم. چەند بە جەرائەتەوە وەڵام دەداتەوە، سەرەڕای ئەو تەمەنەی.

پرسیارەکەش ئەوەیە فەرماندەکە دەڵێت: نا بەخوا دەمەوێ بپرسم وەک ئەوەی لە پەرتوکە پیرۆزەکان هاتووە ئایا مرۆڤ لە ئادەم و حەوا پەیدا بووە؟ یان وەک ئەو تیوریەی داروین دەڵێت: مرۆڤ بنچەکەی لە ئاژالانەوە هاتووە. موسا عەنتەر دەڵێت: لەبەر ئەوەی گەر مرۆڤ دروستکراوی دەستی خودا با، ئاوا ساختەچی و زاڵم و وەحشی دەرنەدەچوو. حاشا من خۆم بەدوور دەگرم لەوەی بڵێم مرۆڤ دروستکراوی دەستی خودایە، بەلام باوەڕم بەوە هەیە کە مرۆڤ لە ئاژەلەوە هاتبێ، چونکە دوای ملیونان ساڵ تێپەڕبوون تا ئێستا زۆر خوی ئەو ئاژەڵانەمان لەسەر ماوە. چەند بە جەرئەتەوە بە فەرماندەکە دەڵێت:

کەر و ئێستر لوشکە دەهاوێن, ئێمەش بە هەمان شێوە لووشکە دەهاوێین. بۆیەش وای پێگوتوە، چونکە جارێک لەجارەکان کاتێ بردویانە بۆ ژووری زیندان بەچاو بەستراوی، سەربازێک لەقەیەک لەپشتی دەدات و دەکەوێت و سەری دەشکێ. شێر بەچنگی دەست و نینوکەکانی پڕدەداتە نێچیرەکانی ئێمەش هەمان کار دەکەین. سەگ گاز دەگرێت ئێمەش دەیکەین، پشیلە بەسەر دارو دیوردا هەڵدەگەڕی، ئێمەش هەمان کار دەکەین و هەموو ئاژەڵێکی بەهێز زوڵم لە لاوازەکان دەکەن بەهێزەکانی ئێمەش زوڵم لە لاوازەکانمان دەکەین. ئامادەبوانی لێپێچینەوەکە پێدەکەنن فەرماندەکە ڕوویان تێدەکات و دەڵێت: کەرینە ئەوە لەگەڵ ئێوەو منیەتی. فەرماندەکە دەڵێت: وەڵا کاکە تۆ ڕێکخستنێکی مەترسیداری، بەشەرەفم یەک مانگ لات بمێنمەوە هەم دەمکەیتە کورد پەروەر و هەمیش بێ دینم دەکەی، بۆیە فەرمان دەکات بەیانی ببەنەوە ماڵەوە.

هەزاران سڵاو لە ڕوح و گیانی پاکی موسا عەنتەر کە لەکاتی ناشتنیدا جگە لە دووکەس و مەلایەک ڕێگە نەدرا کەسی دیکە لە مەراسیمی ناشتنەکەی بەشدار بن.

**لە وتاری کورد وەرگیراوە**

# ئیمانوێل ماکرۆن: کوردەکانی فەرەنسا بوونە ئامانجی هێرشێکی دڕندانە

ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆکی فەرەنسا لەبارەی هێرشەکەی پاریس و کوژرانی سێ کورد، سەرەخۆشی لە کوردانی فەرەنسا کرد و رایگەیاند، "کوردەکانی فەرەنسا لە نێوەندی شاری پاریس بوونە ئامانجی هێرشێکی دڕندانە."

ئەمڕۆ هەینی، 23-12-2022، هاوولاتییەکی تەمەن 69 ساڵ لە ناوەندی شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا تەقەی لە ناوەندی کولتووریی ئەحمەد کایا و سەرتاشخانەیەک کرد و لە ئەنجامدا سێ کەس کوژران و سێ کەسی دیکەیش بریندار بوون.

هەرسێ کوژراوەکە کوردن و خەڵکی باکووری کوردستانن.

ناوەندی کولتووریی ئەحمەد کایا چەندین ساڵە لە پاریس دامەزراوە و کاردەکات بە مەبەستی یارمەتیدانی کوردانی دانیشتووی فەرەنسا و تێکەڵکردنیان لەگەڵ کۆمەڵگەی فەرەنسی.

ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆکی فەرەنسا لە تویتەر رایگەیاند، "کوردانی فەرەنسا لەنێو جەرگەی پاریس بە هێرشێکی دڕندانە کرانە ئامانج. دڵمان لای قوربانییان، بریندارن و خێزان و کەسوکارەکانیانە."

ئیمانوێل گریگۆری، جێگری سەرۆکی شارەوانیی پاریس لە تویتێکدا گوتی: "هێرشێک لە رێگەی چەکەوە کراوە. سوپاس بۆ هێزە ئەمنییەکان بۆ کاردانەوەی خێرایان".

ماکرۆن دەشڵێت، "سوپاسی دەزگاکانی چەسپاندنی یاسا دەکەین لە بەرامبەر بوێری و خۆڕاگرییان."

هێرشەکەی رۆژی هەینی لە لایەن پیاوێکی سپیپێستی فەرەنسیی تەمەن 69 ساڵانەوە کرا کە دوای بریندارکردنی، دەستگیرکرا و گوێزرایەوە بۆ نەخۆشخانە.

تاوەکو ئێستا پاڵنەری پشت هێرشەکەوە پشتڕاستنەکراوەتەوە، بەڵام لۆر بیکیو، داواکاری گشتیی پاریس گوتی، هێرشکارەکە پێشتر شوفێری شەمەندەفەر بووە، ساڵێک لەمەوبەر بەهۆی هەوڵدان بۆ هێرشکردنەسەر دوو کۆچبەر بە چەقۆ، دەستگیرکرابوو و ماوەیەکی کەم لەمەوبەر بە کەفالەت ئازادکرابوو.

ئیبراهیم سەیدۆ، چیرۆکنووس و مامۆستای زمانی کوردی لە زانکۆی سۆبۆن لە پاریس کە یەکێک بووە لە شاهێدحاڵەکان، رۆژی هەینی بە تەلەفۆن لە بووڵتەنی کاژێر چواری ئێوارەی رووداودا گوتی، هەموو کوژراو و بریندارانی رووداوەکە کوردن.

کوردانی شاری پاریس لە دوای هێرشەکە خۆپێشاندانیان کرد و گرژی لەگەڵ پۆلیس دروستبوو. بەشێک لە کوردانی فەرەنسا، پەنجەی تۆمەتیان بۆ تورکیا درێژکرد و دروشمی "دەوڵەتی تورکیای بکوژ"یان گوتەوە.

بەڵام جیراڵد دارمانان، وەزیری نێوخۆی فەرەنسا گوتی، روونە کە هێرشکارەکە ویستوویەتی خەڵکی بیانی بکاتە ئامانج، بەڵام هێشتا هیچ بەڵگەیەک نییە دەریبخات ئامانجی بە دیاریکراوی خەڵکی کورد بووبن.

کادار پیرێ، بەرێوەبەری رێکخراوی کوردانی بێسنوور لە پاریسەوە بە رووداوی راگەیاند: "گومانی زۆر لەسەر تاوانەکە هەیە، چونکە هێرشکارەکە رەوەندی وڵاتانی دیکەی بە ئامانج نەکردووە." هەروەها گوتیشی، ئەوان پێیانوایە هێرشەکە "بە دیاریکراوی دژی کورد بووە."


ئەو چالاکڤانە کوردە باسی لەوەش کرد، "تاوانبارەکە ماوەی تەنیا 10 رۆژە ئازادکراوە."


**لە کوردپلات وەرگیراوە**




## ( هەواری چۆڵ )
## شیعری/محەمەدکەساس

تۆغەرێبی نغرۆی خەمی
بارگەی خەمت لای من دانێ ...
سەراپائاسمان تەی بکەی
لەمن عاشقترت کوانێ ...
کێ وەکومن عەشقی تۆیە ، ئاسمانت پڕ لەباران کا ...
شەوی تانوپۆ خەماویت
پڕ ئەوین و
چراخان کا ...
من خوروەهاژەی ژینت بووم ، بۆخۆت لادا لەکەنارم ...
کۆرپەی دڵی منت تۆراند
گۆڕیت بە پاییز
بەهارم ...
دەڕۆم ئیدی نایەمەوە ، بۆ هەواری چۆڵ و هۆڵم ...
تەلاری عەشقم رووخاوە
لەناخا وەکو
داهۆڵم ...








# حەمە کاکە


-1937 لەشاری سلێمانی لەدایکبووە.
-1962 بروانامەی دبلۆمی لە هونەری شێوەکاری لەشاری بەغدا بەدەستهێناوە.
- بەشداری زۆربەی پێشانگەکانی ناو هەرێمی کوردستانی کردووە.
- بەشداری چەندین پێشانگەی کردووە لە دەرەوەی کوردستان.
- ئەندامی دەستەی بەرێوەبردنە گەلەری زاموایە لەشاری سلێمانی.
- خاوەنی چەندین پێشانگەی تایبەتە.


























# ڕانانی کتێبی ئیسلام و ڕۆشنگەری

## سیروان حەمە ڕەشید

لەنوسینی بیریاری عەرەبی( هاشم سالح )و لەوەرگێڕانی (شوان ئەحمەد) و (دەزگا ئایدیا ) لە (2018 )چاپی کردوە. بەقەبارەی (374) لاپەڕە، سەرەتا گرنگە ئاماژە بۆ سەلیقەی وەرگێرانی ئەم کتێبە بکەین کەلەلایەن وەرگێری بەتوانا( شوان ئەحمەد)وە بەزمانێکی سادە و پاراو کراوە بە کوردی.

ناوەڕۆک و پێڕێستی کتێبەکە پێکهاتووە لە( 23) بابەتدا ، نوسەر بەووردەی تیشکی خستۆتە سەر ئەو سەرکێشی و بوێرییەی (مارتین لۆتەر) لەسەر کەلەپووری ئایینی مەسیحی لەسەدەکانی ناوەڕاستدا ، هەروەها باسی ڕاپسکان و بوێری لۆتەر دەکات و دەڵێت: "لۆتەر شۆڕش و وەچەرخان و زمینەی خۆش کرد بۆ سەرەتای دەستپێکی دابڕانی ئێپستمۆلۆژی تەقلیدی و دۆگماتیزم و سەرپێخستنی بزووتنەوەی ڕۆشنگەری و لارکردنەوە و کزبوونی هێز و هەژمونی فێندەمنتالیزمی مەسیحی و ڕاچڵەکین و بەگەرخستنی عەقڵ و فیکری سیاسی نوێ ( حديث) ، لەو ڕوانگەیەوە نوسەر قسە لەسەر کەلەپوری ئیسلام دەکات و پێوایە هێشتا لەئیسلامدا شۆڕش و ڕیفۆرمی ئایینی ڕووی نەداوە و بۆیە دەسبردن و گفتوگۆی لۆژیکی و ڕەخنەی لەگەڵ(کتێبی پیرۆز وفەرموودە وفیقهو و تەفسیر و تێکرایی تێکستە کلاسیکییە سەرەکییەکاندا نەکراوە) ئەمەش بۆ ئەوە دەگەیەنێت تا هەنوکەش دیدیگای تەقلیدی و سەیرکردنی ڕابردوو بەشێوەیەکی موقەدەس و بەسەرماندا زاڵە و ئەوەی لۆتەر لەناو مەسیحەتدا بەرپای کرد و بووە مایەی لەقکردنی مەرجەعیەتی تەقلیدی بیروباوەڕی ئایینی .

هەرچەندە نوسەر هێما بۆ ئەوە دەکات و دەڵێت: " بێگومان لێرە و لەوێ هەندێ هەوڵی جددی دەبینین بۆ چاکسازی بنەڕەتی لەو قەیران و تەڵەزگانەی کۆمەڵگەی عەرەب ئیسلامی تێدا چەقی بەستووە، بەڵام ئەو هەوڵانە بەئاڕاستەی دەرەوەدایە، ئەوەشیان بۆ خاتری ڕێگرتن لەشاڵاوی فیکری خۆرئاوایە .

بەشی دوانزە تەرخانە بەفریدیک نیتشە بەو ڕەخنەیە کەلەمیتافیزیکای خۆرئاوا دەگرێت، بریتیی لەپرۆژە فەلسەفییە مەزنەکەی نیتشە( ژێر و ژوورکردنی هەرچی بەهایەک کەهەیە لەگەڵ تێکشکاندنی سەرجەم ئەو دوالیزمانەی مۆراڵی میتافیزیک و مەسیحیەت سەپاندویان، وەک دوالیزمەی چاکە و حراپە، ڕاست و هەڵە) لەنەسکی سێنزەدا تایبەتە بە (مارتین هایدگەر ) "دەڵێت: ئێمە ناتوانین لەشتێک حاڵی بین گەر بێت و دەستبەرداری تێگەیشتنی پێیشومان نەبوو بین، لەسەرەوەختی ئێستادا ناتوانین دەست و پەنجە لەگەڵ بیرکردنەوەدا نەرم بکەین، گەر بێت و بەیەکجاری لەناوەڕۆکی بیرکردنەوە بەشێوە تەقلیدییەکەی قوتارمان نەبوو بێت. لەبەشی پانزەدا تاوتوێی فەلسەفەی عەرەبی- ئیسلامی دەکات . پێوایە فەلسەفە و فەیلەسوفانی ئیسلام کاریگەری گەورەیان لەسەر فەلسەفەی و فیکری سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا هەبووە لەوێنەی (کەندی و فارابی و ئەبین سینا و خوارزمی) لەلایەن مێژوونووسیان و فەلسەفەی ئەوروپییەوە فەرامۆشکراون وەک پێویست ئاوریان لێ نەدراوەتەوە. بەگشتی ئەم کتێبە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە بۆ کۆمەڵگەی ئیسلامی لەسەدەکانی ناوەڕاستدا توشی وەستان و دۆگمایی بۆتەوە ، هەر ئەمەش بوو تائێستا ئێمە بەدەست تەڵەزگە و ئاڵنگاری قوڵی کەلەپوورییەوە گیرۆدەین و نەمانتوانیووە بۆڕی شارەستانیەتی ئەووریا بداتەوە ، هەمیشە چاومان لەدەستی ڕۆژئاوایە..

لەنەسکی 21دا تایبەتە بەژاپۆنیەکان کە بۆ هۆی باهۆزی ڕۆشنگەری و پێشوازییان توانیان هاوتەریبی لەگەڵ پێشکەوتنەکانی خۆرئاوادا ڕێبکەن لەسەرەتادا نوسەر ئاماژەی بەوە دەکات ڕۆشنبیرانی ژاپۆن کۆکن لەسەر ئەوەی کرانەوەی وڵاتەکەیان بەسەر شارستانییەت و مۆدێرنێتی خۆرئاوا دەستپێشخەریەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بنەماڵەی( میچی) ئەو بنەماڵەیەی لەسەرەتاکانی ساڵی( 1868) حکومڕانیکردنی ژاپۆنیان گرتە دەست. تێرمی( میچی) بەزمانی ژاپۆنیدا بەمانای سیاسەتی ڕۆشنگەران دێت.



ڕۆشنبیری ژاپۆنی( فۆکۆزاوا یۆکیشی) (1835-1901) یەکەمین کەس بوو بانگەشەی بەخوارئاوایبوونی ژاپۆنی کردووە.

نەسکی 22 ئیسلام و ڕۆشنگەری قسەکردن لەسەر هەڵوێستی چین لەسەر چۆنییەتی مامەڵەکردن لەڕەوت و تەوژمی ڕۆشنگەری و کەلتوری خورئاوا . نوسەر دەڵێت" ساڵی(1890) ڕۆشنبیرانی چین لەبەرامبەر مودێرنەی ئەورووپیدا خەمسارد بوون و گرنگی ئەوتۆیان پێنەدەدا، ئەمەش پێچەوانەی ڕۆشنبیرانی ژاپۆنەوە بوو، کەپێش ئەوانە هەوڵی ئاشنا بوونیان بۆ مۆدێرنە دابوو، ئەمە گرێیەکی دەروونی بۆ چینیەکان دروستکرد، چونکە لەڕووی مێژووییەوە خۆیان لەژاپۆنییەکان بەگرنگتر دەزانی وو پێیان وابوو چین سەنتەری خۆرهەڵاتە، بەڵام کاتێک پێشوازییان لە ڕۆشنگەری و مۆدێرنە کرد پێش چین کەوتنەوە..

ئەم کتێبە ڕوون و پوخت و بەزمانێکی سادە و پاراو بە کۆمەڵگەی ئێمە و عەرەبییەکان دەڵێت تا ڕیفۆرمی لە ئیسلامدا نەکرێت و داخل بەڕۆشنگەری نەبین مەحاڵە خۆمان لەدۆخی دۆگماتیزم و مەترسیەکانی فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی قوتار بکەین و بەرەو دابڕانی مەعریفی هەنگاو بنێین.

# هونەری گۆرانی كوردی و هەڵوێستەیەك

ڕەووف محەمەد ئالانی



گۆرانی، ئەو هونەرە گرنگەی ژیانە كە بەشێكی گەورەی كاتەكانی مرۆڤی داگیركردوە، مەبەستمان لەم دەربڕینە ئەوەیە، هەموو كاتێك مرۆڤ هانای بۆدەبات، زۆرجار كە دڵمان خۆش دەبێت، بەدەر لەوەی خۆمان بەو هەستە بزانین، نەستەكانمان ئاراستەمان دەكەن، بۆ دەربڕینێكی دڵهەژێن، لەبەر خۆمانەوە بە شێنەیی ئەو هەستە شادمانیە دەردەبڕین،تەنانەت زۆر جار خۆمان بەوتنی گۆرانی لەبەر خۆمانەوە، گۆرانیەك دەڵێینەوە، یان بەپێچەوانەوە كاتێ دڵمان تەنگ دەبێت و بێزاریەك ناخمان دەهەژێنێ، ئەوەی دڵمانی پێ ئارام دەكەینەوە، گوێگرتنە لە گۆرانیەكی پرسۆزو ئارام بەخش، بۆیە ناكرێ ئەو پێویستە ڕۆحییە هەروا بەسانایی و ئاسانی سەیر بكەین و نەبێتە جێی بایەخ و گرنگیمان، هەندێ پێیان وایە، مرۆڤ دوای فێربوونی زمان، بەهۆی كارتێكەری سروشت و مامەڵەكردن لەگەڵی، بەگۆرانی زمانی پژاوە، هەرچەند ئەو دەربڕینە ئاوازانە نەشازیش بووبن، ئەگەر لەشێوازی دوور لەواتاشدا وترابن، بەڵام ئەو دەنگانەی لەدەم دەرچوون ئاوازی هەموو جۆر بوون، وەك هاوارو هاژەو خوورەو.... هتد، ئاوێزانی سروشت بوون و جوانترین و خۆشترین دەربڕین بوون، دەكرێ سوود لەم شێوازە جیاجیانە وەرگیرابن و بەپێی تێپەڕبوونی كات و سەردەم، قۆناغەكانی گەشەكردن و پێشكەوتنی ژیان ئەم هونەرەش، پێشكەوتووە، تەنانەت لای گەورە فەیلەسوفێكی وەك (كۆنفۆشیۆس) ی چینی دەبێتە شوناس و ناسنامەی ئاستی گەشەكردن و پێشكەوتنی هەرگەلێك.

گەلی كوردیش وەك نەتەوەیەك، كەخاوەنی مێژوو كەلتوورو شارستانی و زمانی تایبەت بەخۆیەتی، لەم هاوكێشە گرنگەی ژیان بەدەر نییە، زۆرجار زمانی كوردی بەگشتی و گۆرانیەكانی بوونەتە، هۆكاری مانەوەو بەردەوام بوونی ئەم نەتەوەیە، زۆرجاران گۆرانی وایكردووە، كوورەی خەباتی نەتەوەیی بگەشێنێتەوەو هەزاران لاوو گەنجی ئەم نیشتمانە خۆیان بكەنە قوربانی نەتەوەكەیان.

گۆرانی ئەوەندە گرنگە زۆرجار دەبێتە هۆی پابەندبوون و خۆشەویستی نەریت و دابی كۆمەڵایەتی ئەو نەتەوانە، بۆیە(وینستن چەرچل)دەوڵەتمەدارو سیاسەتزان (1874- 1965)لەوبارەیەوە دەڵێت:( خۆشەویستی بۆنەریت هەرگیز میللەتێكی لاواز نەكردووە، بەڵكو هەمیشە لە كاتی مەترسیدا هێزی پێبەخشیوە).

كۆمەڵگەی ئێمە بەو حوكمەی گیرۆدەین بە نائارامی و شەڕەنگێزی، هەم جوگرافیاكەمان و هەم پەروەردەمان ئەوەی بەسەرماندا سەپاندووە، بۆیە زۆر كات ئاوێزانین لەگەڵ غەم، لەدوو حاڵەتدا هانا بۆ گۆرانی دەبەین بۆ لاوانەوەی دڵی بێچارەمان ، حاڵەتی یەكەم گۆرانی نەرم و ئارام و هێمنكەرەوە، بەمەبەستی زیاتر ئارام بەخشین، حاڵەتی دووەم هانا بردنمان بۆ گۆرانی شاد، ئەمەش تەنها بۆ خۆدوورخستنەوەیە لەو حاڵەتە ناخۆش و غەمهێنانەی یەخەی گرتوین، (وەدیع سەعادە) لەم بارەوە دەڵێت(لەبێدەنگیدا گۆرانی جوان، لە بێدەنگیدا دەنگە سەرسوڕهێنەرەكان، كاتێك دادەنیشیت و بێدەنگ دەبیت، خەریكی داهێنانی ژەنینی (تار) ێكی نوێیت.

گۆرانی كوردی جۆری زۆرە، بەشێك لەوانەی زۆر باون و ڕۆژانە بەر گوێمان دەكەون دەخەمە ڕوو، كە ئەمانەن:

١-گۆران مناڵان: ئەو گۆرانی و سرودانەن، كە تایبەتن بە تەمەنی مناڵ ئەوانیش پێویستە ڕەچاوی تایبەتمەندی تەمەنی مناڵی تێدا كرابێت، ئەم هونەرە بەداخەوە نەبۆتە گرنگیدانی بەهۆی كەمی نەشارەزایی و نەبوونی كەسانی تایبەت بەم هونەرە، ئەگەر هەشبن كەمن، هەربۆیە مناڵان لەكاتی وتنی گۆرانیدا هانا بۆ گۆرانی گەورەكان دەبەن و ئەو گۆرانیانە دەڵێن كە بۆ تەمەنی ئەوان نەشیاون.

٢- گۆرانی كۆڕو دانیشتنەكان: ئەم گۆرانیانەش تایبەتن بەو كۆڕو دانیشتنانەی كە كۆبوونەوەی كۆمەڵایەتی یان بۆنەی تایبەت ڕێكدەخرێن.

٣-گۆرانی ئایینی و ستایشی پێغەمبەر: ئەم جۆرە لەمەراسیم و بۆنەی ئایینی دەوترێن، پێش هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش ئەم مەراسیمانە هەبوون و ڕێكخراون، بەپێی داب و نەریتی ئەو ئایینانەی لەو كاتانەدا هەبوون.

٤-گۆرانی نیشتمانپەروەری: ئەو سرودو گۆرانیانەن كە بۆ بەرزكردنەوەی هەستی نیشتمانی وتراون، ئەمانەش لەو كاتانەدا بەكارهاتوون، كە ناخۆشی و شەڕو گرفت یەخەی نیشتمانی گرتووە.

٥-گۆرانی لای لایەی دایك بۆ كۆرپەكەی: ئەو گۆرانیانە پڕ سۆزەیە كە دایك بۆ كۆرپەكەی دەیكات، لە كاتی خەواندنی یان كاتێ هەست بە ئازارێك دەكات لەكۆرپەكەیدا.

٦-گۆرانی لاوانەوە و شیوەنگێران: ئەم گۆرانیە تایبەتە بە كاتێكی ناخۆش و پرسە، یان لەدەستدانی كەسێك، لاوانەوەی بۆ دەكەن بە وەسف و پیاهەڵدان و دەربڕینی غەمباری بۆ ئەو كارەسات و ڕووداوە.

٧- گۆرانی وەرزێری: ئەو گۆرانیانەن لەكاتی كاری وەرزێری و كشتوكاڵدا دەوترێن، هەر گۆرانیەو تایبەتمەندی خۆی و ئاوازی تایبەت بەخۆی هەیە، وەك درەوكردن و جۆماڵ و ئاوداشتن و هیتر.

٨-گۆرانی بووك گواستنەوە: تایبەتە بە گواستنەوەی بووك، بەپێی شوێن و ناوچە دەربڕینەكە دەگۆڕێت، ئەمەش لە بابەتێكی فۆلكلۆری و كەلەپورییەوە سەرچاوەی گرتووە.

٩- گۆرانی شادو هەڵپەڕین: ئەو گۆرانیانەن كە دوورن لە ڕیتمی خاو، زیاتر خێران و بەمەبەستی جۆش و خرۆشی دەربڕینی شادی، لەگەڵ گۆرانی بووك گواستنەوە جیاوەزە، چونكە ئەمەیان قۆناغێكی ترە.

١٠-گۆرانی چەپڵە: ئەم گۆرانیە لەكۆڕو دانیشتنەكاندا بەكاردێت و هەموان چەپڵە وەك ڕیتمی گۆرانیەكە بەكار دەهێنن.

١١- گۆرانی بەند: ئەم جۆرە كەسی شارەزای دەوێت، تا بتوانێ ئەو جۆرە گۆرانیە بڵێت، جالر هەیە دوو بەندبێژ بەیەكەوە بۆیەكتر دەسێننەوە، جاریش هەیە یەك بەندبێژە.

١٢-گۆرانی ئەویندارى: ئەو گۆرانیانەن كە تایبەتن بە بواری خۆشەویستی و ئەویندارى، هەرچەندە بەشێكی گەورەی گۆرانی داگیركردووە، بە جۆرەها ئاوازی تایبەت وتراون، هەندێكیان خاوو هەندێكیان خێران.

گۆرانی وتن بەڕای زۆربەی ڕۆشنبیران و شارازایان و توێژەرانی بواری هونەر، بەرپرسیارێتی مرۆڤانەیە، دەكرێ ڕەنگدانەوەو بایەخەكەی لەناو خەڵكدا ببینرێت،پۆل ڕۆبسۆن) لەم بارەوە دەڵێت: (وەك گۆرانیبێژێك ئەركی منە گۆرانی بڵێم، بەڵام وەك تاكێك هەمیشە باسی ئاشتی دەكەم و كەس ناتوانێت ڕێگریم لێبكات لەوەی دەیڵێم).

هونەرێك بەو جۆرە تێكەڵ و ئاوێزانی ڕوحی هەمموو تاكێك بێت، ناكرێ و نابێت، هەروا بەسانایی و سادەیی لێی بڕوانرێت، یان ئەم هونەرە بكرێتە گاڵتەجاڕی چەند كەسێكی نارۆشنبیرو دوور لە بەها جوانەكانی ژیان،

ئەوەی ئەمرۆ گۆرانی كوردی تێیكەوتووە، مایەی شەرم و نیگەرانیە، چۆن و لەبەرچی و بۆچاتری كێ هەموری گۆرانی ئەم میللەتە وێران بكرێت و كەس و هیچ لایەنێك خەمی نەخوات؟ دەیان كەسی دەنگ ناشاز دروست بوون، گۆرانی هونەرمەندە گەورەكان ئەڵێنەوەو خراپیان دەكەن و لەبەر چاوو دڵی خەڵكی كورد تام و چێژی گۆرانیەكە وەك شوشە دەشكێنن،

لایەنێك نیە بڵێ چۆن و بۆچی وادەكەی؟ زۆرجار هەندێ بەناو گروپ و تیپی مۆزیك دێن بە گۆرانیبێژێك گۆرانیە پڕ ئەفسوناوییەكانی ناو ڕۆح و دڵی خەڵك دەشێوێنن، وەك گۆرانیەكانی ئەم هونەرمەندانە( حەسەن زیرەك، ماملێ ، كەمەندی، شارۆخ، عەلی مەردان..... زۆریتر).

هەق وایە وەزارەتی ڕۆشنبیری ئەو بەرپرسیارێتیە گەورەیە لەڕێی یاساو ڕێنمایی و بڕیارەوە بخاتە سەر شانی خۆی و لێژنە دیاری بكات بۆ ئەو مەبەستە، پێم بڵێن ڕاوێژكاران و بەرپرسانی ئەم وەزارەتە كاریان چییە، ئەگەر ئەمە نەكەن؟ بۆ هیچ كارێك لەمە باشترو پڕخزمەتتر هەیە؟ چۆن هەركەسێك هەستاو بەدڵی خۆی گۆرانی هونەرمەندە گەورەكان بڵێتەوە و تێكی بدات و كەسیش نەڵێ بۆ وادەكەی؟

داوا لە بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری دەكەم، خەمێكی هونەری گۆرانی كوردی بخوات و ڕێ لەم پاشاگەردانی و وێرانكاریە بگرێت كە چەند كەسێكی بێ هەست ئەمكارانە دەكەن، با لاسایی كردنەوەی هەمموو گۆرانیەك بەدەنگی هەر كەسێك بێت، قەدەغە بكرێت و ڕێی لێبگیرێت، ئەگەر ئەوانە هەست بە دەنگخۆشی خۆیان دەكەن، با گۆرانی خۆیان بڵێن، نەك گۆرانی ئەوانە بڵێنەوە كە لە ژیاندا نەماون.

دوا وتەم بە وتەیەكی جوانی ( عەدنان ئەلسەیاغ) دێنم كە دەڵێ : ( واز لە گۆرانی وتن بێنە دڵی ئازیز، چونكە تۆ هەمموو ئەوانە تووڕە دەكەیت، كە نازانن گۆرانی بڵێن).

# کورێکی خانه خوێ سلێمانی هاوینه هەواری سەڵاحەدینی دروست کرد بابچینه قوڵایی ژیانی و ئەم باسە ; ساڵح زەکی بەگی ساحیبقڕان




ساڵح زەکی بەگ کەسایەتییەکی گەورەی کورد بوو، یەکەم کەس بووە کە هاوینە هەواری سەلاحەدینی دروستکردوە،کردویەتی بەناوی کوڕەکەیەوە.کەناوی سەڵاحەدین بووە.

دواتر سەڵاحەدینی کوڕی (سەڵاحەدین ساڵح زەکی) یەکەمین بەڕێوەبەری ناحیەی شارەزوور (سەیدسادق) بووە لە ساڵی ١٩٥٥.

خودا لە هەردووکیان خۆش ببێت.

ساڵح بەگی زەکی بەگ سەرکردەیەکی سەربازیو ئیداریو ئەدیبێکی دیار بووەو لەهەر یەك لەو کایانەدا خزمەتێکی گەورەی بە گەلو وڵاتەکەی کردووە.

ساڵی 1886 لەشاری سلێمانی لەدایك بووە.

قۆناغەکانی خوێندنی لە سلێمانیو بەغداو ئەستەنبوڵ تەواو کردووەو بڕوانامەی بەرزی لە زانستی سەربازیدا بەدەستهێناوەو ساڵی 1906 بووە بەئەفسەرو لەسوپای عوسمانیدا خزمەتی کردووە.

دوای بڕانەوەی جەنگی یەکەمی جیهانو لەساڵی 1921 گەڕاوەتەوە شاری سلێمانیو ساڵی 1922کراوە بەقائیمقامی ئاکرێو پاش ماوەیەکی کەم وازیهێناوەو پەیوەندی بەشێخ مەحموودی نەمرەوە کردووەو لەتەشکیلەی دووەمی وەزارەتەکەیدا بووە بەسەرکردەی هێزە چەکدارەکانو پلەکەی هاوشانی وەزیری بەرگری بووە.

دوای تێکچوونی حکومەتی شێخ چۆتە بەغداو لەوێ لەمەیدانی رۆژنامەنوسیدا خزمەتی کردووەو گۆڤاری دیاری کوردستانی بەزمانەکانی کوردیو عەرەبیو تورکی دەرکردووە. کە گۆڤارێکی بەرەونەقی وێنەدار بووە لە 11-3-1925 تا 11-5-1926 ئەو گۆڤارە بەردەوام بووە.

ساحێبقڕان وتاری بۆ ئەو گۆڤارە نوسیوەو هەروەها شاعیر بووەو شیعریشی نوسیوە.

ئەو لەرووی ئەدەبی کەسێکی بەتواناو هەڵکەوتوو بووەو بەحوکمی ئەوەی زمانەکانی تورکیو عەرەبیو فارسیو فەرەنسی بەباشی زانیوە سوودی لەئەدەبیاتی ئەو گەلانە وەرگرتووەو سەرچاوەی رۆشنبیری خۆی پێ دەوڵەمەند کردوون.

دواتر جارێکی تر لە بواری ئیداریدا وەك بەرێوەبەری ناحیەی قزانیەو شارەبانو قائیمقامی کۆیەو پارێزگاری سلێمانیو هەولێرو دیالە خزمەتی کردووە.

لە 13ی کانونی یەکەمی 1944 لە تەمەنی 58 ساڵیدا کۆچی دوایی کردووەو لەشاری بەغدا بەخاك سپێردراوە.

درود بۆگیانی پاکی ساڵح بەگی زەکی بەگی ساحێبقڕانی ئەدیبو روناکبیرو سەرکردەی سەربازیو ئیداری.

**چاووگی زانیاری : خاتوو هاژە ئەمیر سالح بەگ ساحیبقران**

**پێداچوونەوەو نووسینی ; ئامانج مەسرەف**

## ئەجزاخانە

نوری عەلی و ئەجزاخانەکەی

ئەم وێنەیە لە ئەجزاخانەکەی نوری عەلی تۆمار کراوە لەساڵی 1966 بینای ئەجزاخانەکەی نوری عەلی دەکەوتە سەرای سلێمانی

کەسانی ناو وێنەکە

١-کاك نوری عەلی

٢-کاك هاشم موزەمید


٣-کاك شاهۆ غبداللە کوڕی گۆرانی شاعیر

مێژووی ناوهێنانی پیشەی دەرمانسازی بەم شێوەیە بووە

لەقۆناغی بونیادی شاری سلێمانی دوکانی فرۆشتنی دەرمان کە بەگژ و گیا بووە پێیان وتووە عەتار (العطار )لەدوای گەشەسەندن خوێندنی ئەم زانستە بووە بە ئەجزاخانە کەئەجزاخانە لەسەردەمی حوکمی عوسمانی بەکارهاتووە دوای ساڵانێکی زۆریش ئەو ، ووشەیە بەکارهاتووە تێکەڵی فەرهەنگی ووشەی شاری سلێمانی بووە کەووشەیەکی تورکی یە ، دوای قوڵ بونەوە زۆربوونی ڕێژەی دانیشتووان پەرەسەندنی ئەم زانستە ناوەکەی بووە بە (دەرمانخانە )

حاجی غەریبی خەفاف لەیاداشتەکانی باسی دەرمانی کردووە بەم شێوەیە دەڵێت ;

لەساڵی ١٩١٩ کەحوکمی عوسمانی کۆتایی هات وەئینگلیز هات بۆ یەکەم جار ئینگلیز دەرمانی هێنا لەناوشوشەدا وە شریقەی هێنا ئێمە پێشتر دەرمانمان نەبینی بوو لەناو شوشەدا هەر لەگەڵ دەرماندا ئینگلیز چراو فانۆسی هێنا ئێمە پێشتر لەسەردەمی عوسمانی شەوان لەبەر فتیلە دائەنیشتین فتیلەش خەڵکی کەرکوك لەگۆزەیەکی بچوکی قوڕی بابە گوڕگوڕ دروستی دەکرد نەوتێکی ڕەشیان. هەر لەکەرکوکەوە دەهێنا ئیشمان پێی دەکرد شەوانە




**نووسین و زانیاری ; ئامانج مەسرەف**

**چاووگی وێنە ; پۆلا خەزنەدار**

**، کەنوری عەلی دەکاتە مامی باپیری**

# حیزب و متمانەی گشتی

## سەرکەوتی جیهاز و بەختیار نامیق شارەزوری

بە گشتی حیزب لەسەر ئاستی کۆمەڵگا پێناسەکەی بریتیە لە یەکگرتنی ئارەزومەندانەی گروپێکی هاوبڕوا لە پێناو ئامانجێکی هاوبەشی دور و نزیکدا لەسەر بنەمای ئەجێندای کارکردنی و ئەو ئامانجەی کە کاری بۆ دەکات ، حیزب هەیکەلی ڕێکخستنی هەیە کە کار دەکات بۆ ئامانجەکانی بە پێی پەیڕەوی ناخۆی حیزب کار و ئاماجەکانی دیاری دەکرێت ، ئەوەی لە هەرێم هەیە لەسەر ئاستی حیزب پێویستە بە وردی ڕەهەندە مێژوییەکەی و کار و بەرنامەکانیان بخوێنرێتەوە بۆ ئەوەی لەوە تێ بگەین کە ئایا حیزبەکانی کوردستان تا چی ئاستێک توانیویان دەستەڵاتێک یان حکومەتێکی ڕەشید بەرهەم بهێنن تا بە هاوڵاتی و دەنگدەر بڵێن ئەوە ئێمەین کار بۆ بەرنامەکانمان دەکەین .

ئێستە لە کوردستان دۆخێک دروست بوە کە دەتوانین بە جیاکاری ناوزەندی بکەین بەوەی کە کۆی بازنەی حیزبەکان بە هۆی قەیرانە یەک یەک لەدوای یەکەکانەوە متمانەی گشتیان لە دەست داوە ، کاتێک هەڵبژاردن دەکرێت و پڕ دەبێت لە ساختە و دەستی دەرەکی لێرەوە متمانە بە حیزب لاواز دەبێت چونکە بۆ ئەوەی دەستەڵات بەدەست بهێنن پەنا بۆ ساختەی ناوەکی دەرەکی دەبەن و لادەدەن لەو ئامانجانەی کە هەڵگرین و لەسەر شاشەکە بە هاوڵتیان وتوە ئەم کارانە دەکەین کە وەک ئەوە وایە خیانەت لە بەهایەکی نیشتمانی بکەیت ، ئەمە سەرەتای ئەو بێ متمانەییە دەست پێدەکات یان با بڵێین سەرەتای دروست بونی بۆشاییەکە لە نێوان حیزب و دەنگدەرەکاندا دروست دەبێت ، کاتێک دێینە سەر دەستەڵاتەکان ( دادوەری ، یاسادانان ، جیبەجێکردن) کە پشکی حیزبەکانە بە پێی دەنگ دیسانەوە کار بە بەرژەوەندی حیزبی دەکرێت و هەمو جومگەکانی دەستەڵات پڕ دەبێت لە گەندەڵی و ڕۆتین و وای لێ دێت حیزب دەست دەخاتە هەمو کایەکانی ژیانی کۆمەڵگاوە کە ئەمەش دواجار ڕەوتی جوڵە و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگایەکی تەندروست ئیفلیج دەکات ، ئیتر کۆی بازنەی حیزبی جیا دەکاتەوە لە شەقام و هاوڵاتی ، بەوەی کە چینایەتیەکی قورس دەروست دەبێت هاوڵاتی هەست ناکات هیچ بەرکەوتەیەکی باشی لەگەڵ دامەزراوەکاندا هەیە ، بە واتایەکی تر هاوڵاتی هەست با ماف و ئەرکەکانی ناکات .

ئێستە لە هەرێم کۆی حیزبەکان لە دنیایەکی تایبەتدان و هاوڵاتی لە دنیایەکی تر ، لە ناو بازنەی حیزبەکانیشدا ئەجێندایەکی دیاریکراوی نیشتمانی نیە کۆکاری ستراتیژی و هێڵی سور نەماوە و بگرە زۆر چەمکی نیشتمانی بۆ بەرژەوەندی حیزبی بەکار دەهێنن ، هەمو ئەمانە بە سەر یەکەوە وای کردوە کە حیزب متمانەی گشتی لەدەست بدات و وێنەیەکی ناشیرینی لای خەڵک دروست کردوە .

حیزبەکانی کوردستان بە گشتی بەدەست گرتنەدەستی دەستەڵاتەوە لەلایەن خوێنی یەکەمی سەرکردەکانی شاخەوە توشی دەیان کێشەی ناوخۆیی بونەوتەوە واتا حیزبەکان بە گشتی لەم قۆناغەدان ، کە ئەمەش بێ بەری نیە لەو ناوکۆکیە مێژوییەی کە لە شەستەکانەوە دەست پی دەکات لە نێوان سەرکردەکاندا و گواستنەوەی بۆ نەوەکانیان ، کە لای نەوەی نوێ و جیلی تازە بە گشتی ڕەفزکراوە ، هەمو ئەمانە وای کردوە کە ئەوەی پێی دەوترێت متمانەی گشتی بە حیزبی کوردی سفر بێتەوە و نەتوانرێ هەم هەڵبژاردن بکرێت و هەم کێبڕکێ دەنگدەر (هەڵبژاردن دوای هەڵبژاردن ) بەرەوە سفر بونەوە بچێت




# هێرشی حەرەس قەومی بۆ باکوری ناحیەی شوان

دوای ئەوەی حەرەس قەومییەکی زۆر لەناحیەی شوان کۆدەبنەوە ڕۆژی10یحوزەیران هێرش دەکەن بۆگرتنی بنکەی پێشمەرگەکان لەگوندی حەسن قەباغ لە نزیك گوندی نەیبەسەرە گاوانی گوندی (ناڕوجەی حاجی جەرجیس)بەناوی(تۆفیق علی) شەهید دەکەن و گاگەلەکەی بەتاڵان دەبەن، بۆرۆژی دواتر جارێکی تر خۆیان ساز دەدەنەوە و هێرش دەست پێدەکەنەوە..

گوندی سمایل بەگی

گوندی(سمایل بەگی) دووکیلۆمەتر کەوتبووە باکووری ناحیەی شوانەوە، سەرلەبەیانی ڕۆژی1963/6/11حەرەس قەومییەکان پەلاماری خەڵکی سڤیل و بێتاوانی گوندەکە دەدەن، ئەوەی فریای خۆی دەکەوێت بەژن ومناڵەوە لە کەلەکە ئاودیودەبن و خۆیان دەرباز دەکەن،گوند وخەلەوخەرمان دەسووتێنن و بەڕەوجاجم ولێفەوفەرش و رایەخی قالی و کەلوپەلی ماڵان بەتاڵان دەبەن،تەنانەت هێندە تاوانبار دەبن گوێ بەپیر وکەمئەندام و کەسی شەل و نەتوانیش نادەن و کۆیان دەکەنەوە و کۆمەڵکوژیان دەکەن.

پیرەژنەکان لەدۆڵێکدا کۆدەکەنەوەو عەربێکی تاڵانچی کەپێشتر لەکوردستان زۆر(تەلابی)کردبوو پێیان دەڵێ:

لێرە مەجوڵێن،سەعات هەشت هەمووتان ڕەمی دەکەین، پیرەژنێکی گوندەکە ناسراوبە(میم خلك) زۆر فەقیرحاڵ دەبێت، دوای ئەوەی حەرەس قەومییەکان تاوانی زۆر ئەنجام دەدەن و بەرەو تەقتەق وکۆیە پێشڕەوی دەکەن..

لێی دەپرسن: میم خلك تۆ چیت بینی؟ لەوەڵامدا بەزمانی خۆیان دەڵێ:( دیوشم..ئەرێ سەعات هەشت کەی دییاك،دیوشن سەعات هەشت ڕەمیمان کەن)

ئەورۆژە جگەلە تاڵان وبڕۆ و تۆقاندنی ژن ومناڵ چوارهاووڵاتییش بەم ناوانە شەهید دەکەن:

1 ـ محمد احمد موسى دوای کوشتنی تەرمەکەیشی دەسووتێنن.

2 ـ مجید حسین حسن کەرو لاڵ وشەل دەبێت، دوای ئەوەی زۆر ئازار و ئەشکەنجەی دەدەن کەقسەبکات، پاشان دەیکوژن و لاشەکەیشی دەسووتێنن.

3 ـ قادر حسن محمد دوای سووکایەتی زۆر شەهیدی دەکەن.

4 ـ رسول حسن محمد(مادەل) شەهید دەکەن.(1)

..........................................

1 ـ سەرچاوە : پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ هەردوو پێشمەرگەی دێرین

(کاك فخرالدین سمایل بەگی)و (مام علی ناڕووجەیی)



# یادەوەریەکم لەگەڵ گەشمردە کاکە حەمە سورەبانی هەم هاوڕێ و هەم خزمم ساڵی ١٩٨٤

سالٚ درەنگە وەخت بوو،کزە دەستی پێکردبوو ،پایزو با ، تاقە دارێک نەمابوو قژی رانەکێشابێتن و گەڵاو گوڵی زۆری ڕنیبۆوە هەوا کەمێک هەر خۆش بوو ئەو دەشتی شارباژێرە پڕ بوو لەرەنگی رژاوی پایز،شیوو دۆڵ و کێو چیا دارەکانی هێندەیان گەڵا پێوە نەمابوو وەکو جاران چاوشارکێ بکەن بن بەرد بە بن بەرد چاویان لەیەک بوو .

من لەگەڵ کاروانی خاڵە عوومەرم لەچنگیانەوە بەرێ کەوتین بەتەمابووین بچین بۆ وەراز ،هاتینە تەگەران ،ساڵی ١٩٨٤ مفاوەزات /گفتوگۆ/ ئەو کاتی یەکێتی لەگەڵ دەوڵەتی عێراقی تازە تێکجووبۆوە پێشمەرگە لەشارەکاندا نەمابوو.

لەتەگەران نەمران حەمە سورەبانی ،رەسوڵ وجەمال مەولود /ئەو سێ پێشمەرگەیەیمان بینی، کەهەرسێکیان هاوڕێمان بوون باشم ئەناسین بەتایبەتی حەمە هەم خزم و هەم هاوڕێم بوو ،دوایی سڵاو و چاک و چۆنی ، لەگەڵ حەمە وەک هەمیشە نەختێ گاڵتەو گەپمان کرد دوایی ووتی بۆ کوێ ئەچن ..؟

ووتم بۆ وەراز .

باشە لەگەڵ ئێمە وەرن .

بەڵێ باشە زۆرم پیخۆشە ئێوەش ئەچن بۆ ئەوێ ،چۆن ئەچن...؟

ووتی هەردوو لامان ڕێگەیەکمان هەیە ،بەڵام ئێمە نایەن بۆ ئەوێ ئەچین بۆ ئۆردوگای کەناروێ ،ئەچمەوە بۆ ماڵەوە .

ووتم چۆن ئەچن..؟

ووتی ئێستا برادەرێک دێت شۆفێرە لەبەرێوەبەرایەتی اشخال بە گەڵابەیەک ئەچین . سەرەتا وامزانی گاڵتە ئەکات ، بەڵام دوایی بۆم ئاشکرا بوو بەڕاستێتی ..

ووتم شتی وا چۆن ئەبێت ،ئەزانی ئەبێت بەهەموو ئۆردوگای قەڵاجۆلان و هەموو شارۆچکەی چوارتاو و کەناروێی و ئەو هەموو سەربازگەو بنکەو چاش و ........هێندەی بزانم شەش تا هەشت بازگە سەیتەریەی تیایە چۆن شتی وائەبێت ...؟

ووتی ئەزانم ئەبێت بۆ نابێت ئەگەر تێکەوتین شەڕ ئەکەین .

ئاخر نابێت کاکە دەرناچین ...! چۆن شەڕ ئەکەیت ..؟

با ئەبێت و تەواو.شەڕیش ئەکرێت

ووتم من نایەم خۆتان بڕۆن .

دەستی کرد بەپێکەنین ووتی بەزۆر ئەتبەین ...!

ووتم پیاوی چاک بە و نابێت ئێوەش مەڕۆن ،هیچ کەڵکی نەبوو ، ئەوانی تریش هەموو سوور بوون کە بەو شێوەیە بڕۆین ، چار نەما بەنابەدڵی سواریان کردم ،خستیانمە ناوەراستەوە تووش ببوینایە من نەجاتم هەر نەئەبوو.ئاخر کەس بووم کەدەرچم ، قەناعەتیان پێکردم.قەناعەتی چی ناچار بووم .

دەی من و گەشمردە کاکە حەمەو کاکە رەسوڵ لە پێشەوە لای کاکی سایەق و کاروان و گەشمردە کاکە جەمال جوونە سەرەوە .،بۆ پشتی گەڵابەکە

کات بەیانی بوو هەوایەکی خۆشی هەبوو زەردی هەتاوی پایزانە هەموو دنیای کردبوو بەرەنگ و جوانی و ئارامی بەڵام من هیچم نەئەبینی لەو هەموو جوانییە ،. هەموو هەستەکانم لەگەڵ هەر سرتەیەکدا وەکو چۆلەکەی بەر تاپڕ فرتەی بوو.

ڕۆیشتین یەکەم بازگە کەسی لێنەبوو ،بە تەنیشت سەربازگەو بنکەی جاشەکاندا ڕۆیشتین و بازگەی دووەم هیجییان نەوت ئیشارەی کرد بڕۆن ،لەچوارتاش ڕیگەیەک هەبوو بەتەنیشت سەربازگەو بنکەکاندا ئەرۆیشت بەڵام نەدەچووە لای بازگەکان سەیارەی ئەشغال و سەربازی پیایدا ئەرۆیشتن زیاتر بەکورتی خەتی سەربازی بوولەخوار چوارتاوە ئەرۆیشت ،بەهەرحاڵ لەوێیوە رۆیشتین بەبازگەکاندا نەهاتین،سەربازگەو پایەگاو هیچییان چاوەروانی ئەوەیان نەدەکرد ،بەرۆژی روون پێشمەرگە بەو شوێنەدا تێپەرن ،بەکوردی و بەکورتی هەتا کەناروێ هاتین بەسەلامەتی تا ئاخر بازگە،سەیتەریە/سەیتەریەکەی سەرپردەکەی کەناروێ/ کە سەد تا دووسەد مەترێک لەماڵی کاکە حەمەوە دوور بوو ،رایگرتین ،سەربازێک بوو ،

ها بۆ کوێ ئەچن ....؟



هەموو دەست بەتفەنگەوە میل هاتبۆوە .

کاکی شۆفێر ووتی سیارەی ئەشغالە هەتا ماڵەوە ئەچم و ئەگەرێمەوە .

سەربازەکە ئەیویست ئینکاری بکا ،ئەفسەرێک لەسەرەوە بوو ووتی بابڕۆن .

گەڵابە ڕۆیشت نەجاتمان بوو چووینە ماڵی کاکە حەمە ،حەمە پێئەکەنی ووتم حەمە بەچی پێئەکەنی ئەیووت ڕزگار بیکە بەشیعرو پەخشان بۆ ئەو شتانە خۆشە، ئیلهام هێنەرە ... بەڵام ئەوە بوو بە کورتە داستانێک و بەسەرهاتێک.و ئەیگێرمەوە

ماڵی کاکە حەمە بۆمن وەکو ماڵی خۆمان وابوو ،هەم خزمایەتی و هەم هاوڕێیەتیم و تێکەڵاویم لەگەڵیان زۆر بوو ،بەردەوام هاتوو چۆم ئەکردن کوڕی ماڵەکە بووم ،لەوێ پشومان داو .دوایش لەوێوە چووینە وەراز.

بەراستی بەئێستاش و بەوساشەوە بەشتیکی باشم نەزانیووەو نازانم ،ئاوا کەمتەرخەمی بەرامبەر بە دوژمنەکەت ،بەڵام بەمانای ووشە جەرگی ئەویست دڵێکی سەرشێت و غیرەتیێکی زیاد لەپێویست ،یادو یادەوریتان پیرۆز بێت ،رەوانتان شاد بێت کاکە حەمەو کاکە جەمال کاکە رەسوڵ،کاکە جەمال ساڵی ١٩٨٥ لەپیری شەوکێل گەشمردە بوو بە نارنجۆکێکەوە هەڵی کوتایە سەر تانکێک و لەسەر تانکەکە گەشمردە کرا ،کاکە حەمە ساڵی ١٩٨٧ لەشارباژێری سەخت لەبناری گمۆ نزیک گردە زبێر کەوتە کەمینەوەو گەشمردە کرا فەرماندەی کەرت بوو لەتیپی پارێزگاری کاکە ڕەسوڵ ساڵی ١٩٩١ لەشاری کەرکوک چووە کاروانی نەمرانەوە ، کاروان ماوەو لەچوارتایە خۆشم لەڤێنا نەمسا /ڕزگارەسوور،وێنەکە خۆم و کاکە حەمەی نەمر ساڵی ١٩٨٦لە گاپیلۆن چرکێنراوە

# یادەوەریەک لە چیای کوێرەنک
# هەمزە سۆفیانی

ئێمه وەکو تیپی ٤٤ی چەکوچ کەرتەکەی محەمەدی حاجی قادرمان گۆڕی لە چیای کوێرەنگ دوای ئەوەی ئێمەیان ناردە کەلکی قەیوان دوو شەو لەکەڵکی قەیوان ماینەوە، دوای ئەو دوو شەوە هاتینەوە چیای کوێرەنگ لەبەر ئەوەی ئەوکاتە من لەهەموو پێشمەرگەکانی تر منداڵتر بووم، فەرماندەی "کەرتەکەمان تاهیری حەمەغا بوو پێی ووت هەمزە تۆ لە خەلفی دەبی لەگەڵ (مام رەسول برای: شەهید عوسمان قەڵادزەیی) منیش گوتم لە خەلفی نابم وتی ئەگەر لە خەلفی نەبی چەکت دەکەم منیش ناچار لەخەلفی مامەوە، مام ڕەسول رۆژانە دەچوو لەنێوان کۆڵەرد و قەیوان خواردنەکەی وەردەگرت، منیش دەمبرد بۆ چیای کوێرەنگ کە خەلفیەکەمان لە دۆڵێکی پشتی گوندی قەیوان بوو، خەلفی بارەگای تیپەکانی 43 ی ئاسۆس 65 ی بڵفەت 63ی جوتیاران لە گوندی قەیوان بوو ئەو کات هەلۆ ئەحمەد . کوردە لێپرساوی جەبهەکە بوو.

رۆژانە تۆپباران لەسەر هەموو سەنگەرەکانی پێشمەرگە بەردەوام بوو هەر لە چیای کوێرەنگ و شاخە سوران و گوندی قەیوان و گوندی کۆلەرد. دوای ئەوەی خەلفیەکەمان گواستەوە بۆ گوندی کۆڵەرد ئەو رۆژە خواردنەکەم بۆ برادەران بەکۆڵی ئێستر برد بۆچیای کوێرەنگ لە رەبیەی جاشەکان دەرکەوتم بە قەناسەو بیکەیسی تەقەیان لێکردم. ئەو شەوە چوومە سەر شاخ هەر لە ئێوارەوە تا درەنگانی "تۆپبارانی چیای کوێرەنگی کرد، تیپەکانی 78ی کاروخ و 83ی هەوری و 19 ی کۆرەک و74ی بالەک و 12ی سۆرانی لێبوو. پێشمەرگە سەنگەری خۆیان هەڵکەندبوو. دوژمن سەعات ٤ی بەیانی و "لەچەند قۆڵێکەوە هێرشێکی زۆر چڕوپڕی کردە سەر چیای کوێرەنگ. شوێنەکەی ئێمە کەوتبۆ لا شانی خوارەوەی چیاکە ئێمە جیهازە بێتەلەکەمان خراپ ببوو مام ڕەسوڵ برای (شەهید عوسمان قەڵادزەیی) بردبووی بۆ سەرگەڵوو بەمەبەستی چاکردنەوە، بۆیە پەیوەندییمان لەگەڵ پێشمەرگەکانی قۆلەکانی تر نەمابوو. هێرشەکە گەشتە لای ئێمە تەقە دەستپێکرد مستەفا (ناسراو بە زابتە سوورە) یەکەم ئاربیجی لەقۆلی ئێمەوە تەقاند. من و عومەر بیوەکەی بەریەک سەنگەر کەوتین، هێرشەکە زۆر بەربڵاو بوو، لەوکاتەدا عومەر بیوەکەی فیشەکی لێبڕا و بەمنی گوت تۆ تەقە بکە تا من مەخزنەکە دەگۆڕم، ئێمە نەمانزانی بوو کە پێشمەرگەکان سەرووی ئێمەیان چۆلکردبوو، لەوکاتەدا دوژمن ناو سەنگەرەکەی فیشەک باران کرد، بەڵام پێشمەرگە ورەی زۆر بەرز بوو، بەر پەرچمان دانەوە، ئیتر کاک تاهیر منی راسپارد کە دەبێ بچم بۆ گوندی کۆڵەرد و ئەو پێشمەرگانەی شکابوون و لەوگوندە خۆیان گرتبۆوە، هانیان بدەم و بێن بە هانامانەوە چونکە هێرشیکی زۆرمان لەسەربوو، ئینجا دژە هێرشێک ئەنجام بدەین بۆ ئەوەی چیای کوێرەنگ بگرینەوە. کاتێک من رۆیشتم سەیرمکرد دوژمن لە نزیکی پێنج سەد مەتر بۆ شەش سەد مەتر لێمانەوە دوورە.
جاش و سەربازەکانی رژێم کەمنیان بینی تەقەیان لێکردم دوای ئەوە منیش گەرامەوە لای کاک تاهیر بۆ ئەوەی لەنزیکی دوژمن ئاگاداری بکەمەوە، بەهۆی ئەوەی بەتەنیا ئێمە لە چیایی کوێرەنگ " مابووین دوژمن هەموو هێزەکەی خستە سەر ئەو شوێنەی کە ئێمەی لێبووین لەو کاتەدا دوژمن تۆپ بارانەکەی زۆر چڕ کردەوە بە جۆرێک فەرقی بەئێمە و هێزەکانی خۆی نەدەکرد سەرباز و جاشەکان ئەوەندە لێک نزیک بوونەوە، دنیاش بەرەو روناکی دەچوو. کاک تاهیرلە پێشمەرگەکانی پرسی "تا ئێستا شەهیدو بریندارمان نییە؟ لەخەمی پێشمەرگەکاندا بوو. ئێمە تاکو سەعات 10 ی سەر لەبەیانی نەمان هێشت دوژمن شوێنەکەی ئێمە بگرێ بەڵام دوایی هێرش و تۆپ بارانەکەی زۆر چڕ بۆوە، ئێمە تا دوا فیشەک بەرگریمان کرد، ئینجا سەنگەرەکانمان جێ هێشت بەرەو گوندی قەیوان، لەناو گوندی قەیوان نازم کەرکوکی بە بیکەیسی تەقەی لەو شوێنە دەکرد کە جاش و عەسکەرەکانی لێبوو، لەو کاتەدا تەیارەی کۆپتەر هاتە سەرمان، بە شێوەیەک ناو گوندی قەیوانی بۆردمان کرد کە تەنها بۆنی باروت دەهات، لەناوگوندەکە بووین، دوژمن هەر بەردەوام بوو لەتەقەکردن. لە ئێمەش، ئێمەش کەوتینە نەدیووەوە، دواتر دوو دوو بەرێکەوتین بەرەو شاخی پیرکە و لەوێشەوە بەرەو گوندی سنگر. خۆشبەختانە هیچ شەهیدێکمان "نەبوو تەنها یەک بریندار کە (عومەر بیوەکیەی) بە سووکی بریندار بوو.



لێردا بە پێویستی دەزانم کە ناوی ئەو پێشمەرگانە بێنم کە بەشداری ئەم داستانەیانکرد، کە ئەوانەی لەیادم نەمابن و ناویان نەهاتبێ داوای لێبوردنیان لێ دەکەم:
تاهیری حەماغا - فەرماندەی کەرت
عومەر بووەکەیی
حەمەتال مەرگەیی
عومەر سەلیم دۆلە گۆمی
عوسمان بازیانی
سلێمان ناودەشتی
ئەحمەدی حاجی بەکرەی بەلکەیی
مستەفا ناسراو بەزابتە سوورە
خال مەلا بیوەکەیی
عەلی مام سلیمانی مەرکە
عومەری حەمەی مەلا پیرۆت مەرگەیی
نازم کەرکوکی
همزە سۆفیانی
نەجمەدین بازیانی
لێرەدا بە پێویستی دەزانم ناوی ئەو پێشمەرگانە بێنم کە لە شاخە سووران بوون لەبەر ئەوەی دەوری زۆر باشیان هەبوو کە نەیانهێشت دوژمن لە جادەکەی دۆڵی قەیوان سەرکەوێت و ناو گوندەکەمان لێبگرێت، پێشمەرگەی تیپی 43ی ئاسۆس بوون:
کەمال مەرگەیی فەرماندەی کەرت
بەکر بیوەکەی
شەهید عەبدولا مەرگەیی
عەلی برای شەهید عەبدولا
شەهید سەدیق مەرگەیی
محەمەد عەلی بیوەکەیی
شەهید هەڤال مەرگەیی
رەسول کاکە رەش کانی تووبی
عەلی سوورە ژاراوەیی
احمد مام صالح ئاوەژەیی
احمد پیرۆت کانی تویی
حەمەد بەگی مەرگە
صالح بەگی مەرگە
کە هەردوکیان برا بوون بە کارەساتی ئەنفالدا . بێ سەروشوێن بوون. دوای لێبوردن لەو پێشمەرگانە دەکەم کە ناویان نەهاتووە یان ناوەکەیادم لە یاد نەماوە.

# لانە مەلا حسین





کورتیەك لە خەبات و تێکۆشانی باوکی ئەزیزم لە زینداندا ڕوندەکەمەوە لە زاری خوالێخۆشبوو باوکی ئەزیزم خۆیەوە :

من دوو جار لە زیندان هەڵهاتووم یەکەم لە (هەیئەی کەرکوك) دووەم لە (حامیەی سلێمانی) .

چومەتە ریزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە ساڵی (١٩٧٦) وە لەو سالەدا بوومەتە ئەلقەی وەصل لە نێوان ڕێکخستنەکانی ناو شار و هێزی پێشمەرگەدا ، ئەو کەسانەی پەیوەندیم هەبووە پێیانەوە لەوانە (م. عثمانی کانی پانکە ، شەهید رەزا مۆریاسی ، احمدی زەرەنگەر ، شێخ کمالی زەرەنگەر) لەگەڵ کاری ڕێکخستن خەریکی کەسابەتیش بووم .

لە ٧-٧-١٩٧٧ کەوتمە ناو کەمینی عەسکەرییەوە لە نێوان گوندی کانی دڕکەو شوکێدا سەعات (٣-٤) بەیانی بوو لەوێ دەسگیرکرام و ئەو شتانەی پێمەوە گیرا تاقمی کلاشینکۆف و فیشەك و چەند کراسێکی خاکی بوولەگەڵ چەند شتێکی تردا،

پاشان بردمیان بۆ ڕەبایەکەی گێڵدەرە و لە وێوە بۆ گوندی گێلدەرە وە بۆ معەسکەری بەرزنجە لەوێوە بۆ فەیلەق لە قەیفەری پاش ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر بردمیان بۆ عەربەت لە عەربەتەوە بۆ سلێمانی ماوەیەکی زۆر مامەوە ئەو کەساتەی کە گیرابوون وە ناوەکانیانم بیر مابێت (شێخ محمدی حاجی مامەندی ، عمر خەڵکی شارەزوور بوو ، عمر سەرگەڵووی ) پاش ماوەیەك لە سلێمانی لەوێوە بردمیان بۆ هەیئەی کەرکوك ، ئەو کەسانەی لەوێ گیرابوون (عبدالله ئامربەتالیۆن بوو لە شۆرشی پێشوو، قاسم ، عزیز خەلکی بادینان بوو ، خالید هەولێری ، شەهید ئاسۆی شێخ عارف ، شەهید لطیف ، شەهید هەلکەوت ،مامۆستا سلام ، عمر حاجی مامەندی )لە گەلمدابوون لە سجنی هەیئەی کەرکوك .

پاشان بە پلانی هەمووومان هەستاین بە دۆزینەوەی ڕێگەیەك بۆ دەربازبوونمان لە سجن دەوری سەرەکی لەمەدا بۆ دۆزینەوەی ڕێگە من و شەهید خالید هەولێری بووین وە پاشان هەیئەمان شکاند و هەڵهاتین لە بەرواری ١-١٠-١٩٧٧ ئەوانەی هاوکاری منیان کرد لەمەدا کە لەشاری کەرکوك دەرباز ببم و بگەمەوە سلێمانی / شاربازێر ماڵی (م. کاکە ڕەش لە کەرکوك ) وە ( کریم خوارحم ، سید عبدالله ، ئەنوەری شێخ عبدالله ، قادری حمە عزیز ، شهید فرج ) بوون .

وە دوای ڕزگاربوونم لە زیندان بووم بە پێشمەرگە لە هەرێمی( ٣ )ی شارباژێڕ وە لە ساڵی ١٩٧٨ لە کاتیکدا بە کاری شۆڕش بە پارتیزانی گەڕامەوە بۆ ناو شار کەوتمە کەمینی (ملازم محسن ) دووبارە دەسگیر کرامەوە لە خانووە قوڕەکان .

پاش لێدان و ئەشکەنجەیەکی زۆر ئیعترافم نەکرد وە هیچیان لەسەر من نەدەزانی چونکە ناوی خۆم گۆڕیبوو بە ناوێکی خوازراو (عبدالله ) وە خەلکی گوندی شوکێم ، بۆیە هیچ زانیاریەکیان لەسەرم نەبوو کەسێکیان هێنا ئیعترافی لەسەر کردم وتی ئەمە (مارفی کوێخا کەریم)ە و خەڵکی گوندی وەندەرێنەیە و پێشمەرگەیەو ناسراوە بە (ملا حسین ) وە لە هەیئەی کرکوك سجن بووە و هەڵهاتووە وە لە شاربازێر پێشمەرگەیە لەگەڵ ( بکری حاجی سەفەر ، کاك وهاب )

وە لێرەو لێدان و تەعزیبدانم دەستی پێکردەوە لە لایەن (ملازم عطا ) و دوو کەسی تر بە ناوەکانی (نجم و محمود ) بەڵام دووبارە اعترافم نەکرد بە هیچ شێوەیەك ، ئەو کەسانەی لە سجن لە گەڵمدابوون (فایق محمد کریم ، نوری ملا مصطفی ، حاجی کریم چنگیانی ، علی چنگیانی ) وە لەپاش ئەمان بە تەنها لە ژوورێکدا بووم دوای چەند ڕۆژێك هەر ڕۆژەو زیندانییەکیان ئە هێنایە لام بەم ناووانە (حسن ، کامەرانی حمە صالح ، مام هیوا ) کە پێشمەرگە بوون و بە دیل گیراون ، من کە اعترافم لەسەر کرا بە هیچ شێوەیەك بەتەمای ژیان نەمابووم بۆیە دووبارە بیرم لە ڕاکردن کردەوە لە زیندان ، توانیم خۆم و ئەو برادەرانە لە زیندان ڕزگار بکەم کە (٤) کەس بووین لە بەرواری ١٠-١-١٩٧٩ دا بوو .

باوکە گیان ئەمڕۆ سالیادی کۆچی دوایتە خوزگە وازوو جیت نە ئەهیشتین ـ ڕۆحت شاد قەت لە یادت ناکەین لەسەر ڕێبازەکەت بەردەوام ئەبین

**لانە مەلا حسێن**

# سەردار عەبدوڵا بووە براوەی خەڵاتی ئەدەبی

لە چالاکیەکی ئەدەبی گرنگدا ،ناوەندی ئەدەبی عەرەبی، نوسەر و رۆماننوس سەردار عەبدوڵای وەکو یەکێک لە براوەی خەڵاتی ئەدەبی ئیبن بەتوتە دیاریکرد. کارەکەشی بۆ چاپکردن پێشنیار کراوە.

بەناوی بەشی کولتوری زەمەن-ەوە پیرۆزبایی لێدەکەین



سالّ و شوێنی لەدایک بوون/ 1966
بڕوانامە/ بەکالۆریۆس ڕاگەیاندن
پسپۆڕی/ شیکردنەوەی سیاسی و کاروباری نێودەوڵەتی،
نووسین و بڵاوکراوە/ نووسینی چەندین وتار بە زمانی کوردی و ژمارەیەکی زۆر وتار بە زمانی عەرەبی بۆ داکۆکیکردن لە کوردو مەسەلە ڕەواکەی لە ڕۆژنامەکانی (الزمانی لندنیو الشرق الاوسگ، السیاسە الکویتی، القدس العربی لندنی

#أدبيديا

قائمة الفائزين

## جائزة ابن بطوطة لأدب الرحلة

المركز العربي للأدب الجغرافي - ارتياد الآفاق

الدورة الحادية والعشرين 2022

@Sharekwekteb

| الفرع | الفائز/ة | البلد | العمل الإبداعي |
|---|---|---|---|
| الدراسات | ممدوح فراج النابي | مصر | "البلاغة العمياء.. بحث في الخيال الرحليّ عند طه حسين" |
| | خالد الطايش | المغرب | "المثاقفة وإشكالية المركزية الشرقية.. الرحلات الحجازية المغربية في القرن 12هـ/18م" |
| | سالم محمد الضمادي | السعودية | "شعرية النصّ الرحليّ.. تجارب سعودية في أدب الرحلة" |
| أعمال موصى بنشرها | الطائع الحداوي | | "منطق التأويل في أشكال التمثيل الدبلوماسي" |
| | ياسين عدنان | | "مدائن معلّقة (تدوينات العابر)" |
| | وارد بدر السالم | | "تونس الزرقاء/ ست رحلات في الربيع والشتاء" |
| | سردار عبد الله | | "سقطرى: أسرار العزلة" لعامر طهبوب، و"مُوجَزُ الرِّحْلَتَيْنِ فِي اقْتِفَاءِ أَثَرِ مَوْلَانَا ذِي الْجَنَاحَيْنِ" |
| | أحمد جمعة عبد الحميد ويحيى زكريا السودة (تحقيق ودراسة) | | سَفِيرُ المرتادِ وزادُ الإسعادِ لرحلة الزيارة لحضرة سيد الأسياد وحبيب ربّ العباد 1089. 1090هـ. 1678. 1679م" |
| | كريم الطيبي (دراسة) | | "الحِجاجُ في أدب الرّحلة: دراسة بلاغيّة حجاجيّة لرحلَةِ ابنِ فضْلان" |

@Sharekwekteb

# کورد، لە شاکارێکی ئەدەبی جیهانیدا!


## کامەران سوبحان

جگە لەو کتێبانەی ڕۆژانە دەیخوێنمەوە. یەکێک لە شاکارە هەرە مەزنەکانی مێژووی مرۆڤایەتیش، بەردەوام لەسەر مێزی خوێندنەوەکەمەوە جارناجارێک، پاش هیلاکی دەچمە سەری و چەند لاپەڕەیەکی لێدەخوێنمەوە. ئەم بەیانییە، چەند سروودێکی دۆزەخی (کۆمیدیای دانتی ئیتاڵیم خوێندەوە، کە سێ بەرگی نزیکەی 1500 لاپەرەییە، دانتی ئەلیگییری ئیتاڵی ساڵی 1577 نووسیویەتی و بە مەزنترین و بەناوبانگترین شاکاری ئەدەبی دادەنرێت، د. عەزیز گەردیی، کردوویەتی بە کوردیی.

لە سروودی چوارەمی دۆزەخدا، باسی چەند فەیلەسوف و نووسەرێکی جیهانیی دەکات، لەوانە سوقرات، ئەفلاتون، گالینۆس، ئیبن ڕوشد و سەڵاحەدینی ئەیوبی کوردیی:

لەولاتر (سەلادینۆ/سەڵاحەدین) دی بە تەنیا بوو
نەختێ زیاتر چاوم هەڵبڕی
مامۆستای زانایانم بینی
لەناو کۆمی فەیلەسوفان دانیشتبوو
هەموو بەڕێزەوە چاویان تێبڕی بوو
یەکەمجار سوقرات و پلاتۆنم دی
لە پێش ئەوانی تر بوون.....

✷وێنەکە بەرگی چاپی یەکەمی کۆمیدیای خواوەندی دانتی
✷سەرچاوە: کۆمیدیای دانتی. بەرگی یەکەم لا 69




# دادپەروەری لە گواستنەوەی کێشەکان

وێنەیەکی تاریک کە زۆرێک لە ئێمە وەریدەگرین و هەر کە بە سادەترین گفتوگۆ لەگەڵیدا دەست پێ دەکەیت، بە ڕووخسارتدا دەتەقێتەوە و هەموو قسەکانی گلەیی و کێشەی بێشومارن و من لێرەدا لەگەڵیدا نیم لەسەر ئەم بابەتە ستایلەکە، و منیش دژی نیم، چونکە خالق شتێکی پێبەخشیوین و شتێکی لێسەندوە، و کامڵبوون تەنها هی خۆیەتی، بێگومان ئێمە کۆمەڵگایەکین وەک کۆمەڵگاکانی تر کە بەدەست کێشەوە دەناڵێنین.
ئێمە مافی خۆمانە ئەوەی لە سنگماندایە بەتاڵ بکەینەوە، وەک چۆن مرۆڤین و سنوورێکی دیاریکراوی لێبوردەییمان هەیە، ژیانیش ئاسان نییە، وەک چۆن شەرێکە بە هەموو مانایەکی وشەکە، بەڵام ئێمە داوامان لێدەکرێت دادپەروەرانە بە گەیاندنی ڕاستییەکان وەک چۆن بێ هیچ زیادکردن و دەستکاریکردنێک، بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی ڕیشەیی و دواجار چارەسەری بکەین و جارێکی تر نەگەڕێینەوە بۆی.
ئەوەی من دەیدۆزمەوە زیادەڕەویکردنە لە تەنانەت بچووکترین وردەکارییەکانیش، خۆلێدان و زیادەڕەویکردنە لە کێشە گەمژانە و بێ بەهاکان و کردنی بە تراژیدی کە هیچ هاوتاییان نییە و هەموو ئەمانەش بە شێوەیەکی خام و بێزارکەر دەخرێنەڕوو، ئەمەش دۆخەکە خراپتر دەکات.
هەندێک بە هەڵە پێیان وایە کاتێک کێشەکە گەشە دەکات، گلۆپەکان ئاراستەی دەکەن و بەم شێوەیە لە ماوەیەکی پێوانەییدا چارەسەر دەبێت و هەموومان دەزانین کە ئەمە ڕاست نییە و تەنها دەبێت ئێمە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێین بۆ دۆزینەوەی کێشە گاڵتەجاڕ و کەمەکان، بەڵام سەدان و تەنانەت هەزاران کەسیش هەن کە کارلێکیان لەگەڵدا کردووە و کردوویانە بە مەسەلەی ژیان و مردن.
ئێمە بە شێوەیەکی ڕیزبەندی ئاڵۆزییەکانی بابەتەکە زیاد دەکەین، بەو پێیەی کات و هەوڵ و پارە هەیە کە لە بەرامبەر "بیمانا"دا بەفیڕۆچووە، لە کاتێکدا ئەگەر ئەولەویەتەکانمان دابنێین و کێشەکانمان بە دادپەروەری و ئارامیی و عەقڵ بەرز بکەینەوە.
پێش هەموو شتێک، زۆرێک لە کێشەکان بە هەوڵی کەسی چارەسەر دەکران، تەنانەت بەبێ هیچ دەستێوەردانێکی حکومەت، کۆمەڵگا نوخبەیەکی ئەکادیمی لەخۆدەگرێت، و دەبێت بەپێی پسپۆڕییەکەی ڕەوانەی هەر یەکێکیان بکرێت.

حوسێن عەلی غالب بابان



# فاکتەری کوردی لەگەمە جیۆپۆلەتیکیەکاندا

## د. کامەران مەنتك

بۆچی فاکتەری کورد وەك نەتەوە، لەگەمە جیۆپۆلەتیکیەکاندا کاریگەرییەکی بەرچاوی نییە، سەرباری ئەوەی کوردستان وەك جوگرافیا گەورەترین ڕۆڵو بایەخی لەو ململانێیانەدا هەیەو بۆتە چەقی ڕکابەرییە جیۆپۆلەتیکییەکان؟

لەزۆربەی نووسینەکانمدا هەوڵدەدەم لەڕوانگە جیۆپۆلەتیکیەکانەوە شیکردنەوە بۆ مەسەلەی کوردو ئەو گۆڕانکاریانە بکەم، کە بەسەر ئەو مەسەلەیەدا دادێت، ئەمە وایکردوە، بەشێك لەخوێنەران، ئەو خوێندنەوانە بەجۆرێك لەڕەشبینی لەقەڵەمبدەن وای لێکبدەنەوە، کە ئاماژە نەکردن بەڕۆڵی نەتەوەیی کورد لەو ململانێیانەدا، کەموکورییەکی گەورەیە لەنوسینەکانداو خوێنەر، یاخود بەشێوەیەکی فراوانتر تاکی کورد دوچاری بێئومێدییەکی گەورە دەکات!

بەر لەهەموو شتێك دەمەوێت ئاماژە بەخاڵێکی گرنگ بکەم، ئەویش ئەوەیە من لەڕوانگەیەکی سیاسیەوە سەیری مەسەلەی کورد ناکەم، بەڵکو لەڕوانگەیەکی ستراتیژیو ئەکادیمییەوە خوێندنەوەیان بۆ دەکەم، نامەوێ بکەومە ژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیا جیاوازەکانو لەسەر بنەمای زانیارییە میدیاییەکان، کە بەداخەوە بەشێکی هەرەزۆری لەچوارچێوەی شەڕی ڕاگەیاندندایە، لەڕاستیەوە دورەو ڕەنگدانەوەیەکی ترسناکی لەسەر هزری سیاسی کورددا هەیە، سەیری ڕوداوەکان بکەم، بەڵکو لەگۆشە نیگای ئەو جوڵانەوانەدا شیکاری دەکەم، کە لەسەر خاکدا بەکردەیی ڕودەدەنو لەسایەی ئەو جوڵانەوە کردەییانەدا دیدی خۆم بۆ ڕوداوەکان دەخەمەڕوو!. خاڵێکی تر ئەوەیە، من لەو بابەتەدا قسە لەسەر حزبی کوردی ناکەم، بەڵکو کار لەسەر وێناکردنی نەتەوەیەك دەکەم، وەك یەکەیەکی مرۆیی، کە دیارە ئەمەیان لەحزب گەورەترە!.

نکوڵی لێناکرێت، کە کوردستان لەڕوی جیۆپیۆلەتیکیەوە بۆتە چەقی ململانێیە جیهانییەکان، لەبەرئەوەی پێگەیەکی گرنگ لەهەموو ئەو پرۆژە جیهانیانەدا داگیردەکات، کە ئێستا لەڕکابەریدان لەسەر داڕشتنەوەی نەخشەی سیاسی ناوچەکە بەگشتیو فۆرمۆلەکردنەوەی سیستەمی جیهانی بەتایبەتی، بەرامبەر ئەم بایەخە جیۆپۆلەتیکییەی کوردستان، کورد وەکو نەتەوە نەیتوانیوە ببێتە یاریزانێکی باشو تائێستاش وەکو کارتێکی یاریپێکراو ئەو ڕۆڵە دەگێرێت، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بۆی دیاریدەکرێت، لەبەرئەوەی شێوازی داڕشتنەوەی نەخشەی سیاسی ناوچەکەو دابەشکردنی کوردستان لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، بژاردەی سیاسی لەبەردەم بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردیدا ئێجگار بەرتەسك کردۆتەوە، ئەمە ئەوەی لێهاتۆتە بەرهەم، کە دیدێکی کوردانە بۆ ڕوداوەکان نەبێتو ئاوەزی کوردی تارادەیەکی زۆر پەکیبخرێتو لەکاربکەوێت، بەواتایەکی تر کورد بەهۆی پەرتەوازییەوە نەیتوانیبێت پرۆژەیەکی نەتەوەیی هەبێتو ستراتیژێکی نەتەوەیی دورمەودا بۆخۆی دابرێژێت، یاخود بتوانێت دەزگایەکی نەتەوەیی بەرفراوان دابمەزرێنێت لەسەر بنەما جیۆستراتیژییەکاندا، وەك نەتەوەیەك ئیدارەی ململانێکان بکاتو ڕۆڵی خۆی بگێرێت.

جێگەی داخە تائێستا، جگە لەپارتی کرێکارانی کوردستان، سەرباری ئەو تێبینیانەی دەربارەی ئەو حزبە هەمانە، هیچ حزبێکی تری کوردستانی دیدو پرۆژەی تایبەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد نەبوە، کە ئەویش خۆی لەتێزەکانی ئۆجەلان دەربارەی خۆسەریو نەتەوەی دیموکراتیك دەدۆزێتەوە، تەواوی حزبەکانی تری کوردی لەچوارچێوەی ئەو پرۆژانە دەخولێنەوە، کە هەمان ئەو هێزانە دایانهێناوە، کە خۆیان کوردستانیان دابەشکردووە هەرخۆشیان تائێستا لەسەر هاوسەنگی نێوان کورد (وەك ئۆپۆزسیۆنێکی بەناو چەکداری)و ئەو حکومەتە مەرکەزیانەی خۆیان دایانناوە، بەرژەوەندییەکانی خۆیان مسۆگەربکەن، وەك پرۆژەکانی ئۆتۆنۆمیو فیدراڵی!. بەواتایەکی ئەو بیرکدنەوانەش لەچوارچێوەیەکی بەرتەسکی حزبی دەرنەچووە نەبۆتە دیدێکی گشتگیرو نیشتمانی، ئەمەش وایکردوە لەجیاتی یەکگرتنو بەیەکەوە کۆکردنەوە، پەرتەوازەییو لێکترازانی زیاتر بۆ ناوماڵی کوردی بێنێت.



تائێستا زۆرینەی کورد لەچوارچێوەی ئەو نەخشە سیاسیو هزرییەدا کاردەکات، کە بۆی داڕێژراوە، بۆیە بیرکردنەوەی سیاسی کوردیش مۆرکی سەربەخۆیی خۆی لەدەستداوەو وەك جوگرافیای کوردستان دابەشو پەرتەوازە بوە، ئەمە یەکێك لەو ئاستەنگانەیە، کە کورد نەتوانێت وەك یاریزانێك لەو گەمە جیۆپۆلەتیکیانەی دەگوزەرێت ڕۆڵی خۆی بگێرێت، تۆ ناتوانیت لەسەر بلۆکێکی جیۆستراتیژی یەکگرتووەوە، بەهێزێکی پەرتەوازەو ناتەبا ببیە یاریزان، بەڵکو لەدۆخێکی لەو شێوەیەدا، ئەگەر لەو چوارچێوە یەکگرتوەدا ستراتیژ دانەڕێژیتو یاری نەکەیت، بەردەوام بەپاشکۆیەتی دەمێنیتەوە، دەبێت لەچاوەڕوانی ئەوەدابیت ڕۆڵێکی لاوەکیت پێبدرێت، کە زۆرجاران بەپێچەوانەو دژ بەبەرژەوەندییە نیشتمانیو نەتەوەییەکانی خودی خۆت بێت، سەد ساڵی ڕابردوو ماوەیەکی باشە بۆئەوەی ئەم تێزە بسەلمێنینتو سودی لێوەربگیرێت، کە هەموو ئەو بزوتنەوانەی بەناوی بزوتنەوەی کوردیەوە هەڵتۆقیونو کاریانکردوە، جگە لەزیان هیچی تریان بۆ کورد نەبوە، بۆیە بەپێچەوانەی ئەو مێژوە چەواشەکارییەی بەناوی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد نوسراوەتەوەو شانازییەکی ناڕاستی لای تاکی کورد دروستکردوە، ڕابردویەکە، یاخود مێژویەکە یەك پارچە لەشکست، نەتوانراوە لەو ماوەیەدا دەزگایەکی نەتەوەییو نیشمانی وا دابرێژرێت، کە هەموو هێزە جیاوازەکان لەژێر چەتری خۆیدا کۆبکاتەوە، بۆیە ڕەورەوەی مێژوی سەدەی بیستەم لەشکستەوە بۆ شکستێکی تر چوە، ئەگەر بشمانەوێت ئەو قۆناغە تێپەڕێنین، دەبێت هەوڵبدەین لەجیاتی ئەوەی وەك یاریپێکراوێك بمێنینەوە، ببینە یاریزانێکی کارا لەسەر ئەو تەختە جیۆستراتیژییەی پێی دەوترێت کوردستان، ئەمەش بەر لەهەموو شتێك بەتێکشکاندنو تێپەڕاندنی ئەو پاشکۆخوازییە دەبێت، کە باڵی بەسەر هێزە کوردیەکاندا کێشاوە، دەبێت دڵنیابین لەوەی، هەزار ساڵی تر لەو چوارچێوەیەدا بخولێینەوە، ناتوانین خۆمان لەهەمان ئەنجامو هەمان چارەنوس ڕزگاربکەین، لەبەرئەوەی دوبارەکردنەوەی هەمان تاقیکردنەوە، بەهەمان ڕێگە، ئەگەر بۆ هەزارجاریش بێت، دەتگەڕێنێتەوە بۆ هەمان ئەنجام، بۆیە ئەگەر بمانەوێت نەتەوەکەمان بەقەد بایەخە جیۆپۆلەتیکیەکەی ڕۆڵی لەململانێکاندا دیاربێت، دەبێت هەوڵبدەین هێزێکی هەرێمی دروستبکەین کە لەئێستادا بەهۆی شۆڕشی گەیاندنو ئەو ئاستەی هەندێك لەهێزە کوردیەکان پێیگەیشتوە، لەهەموو کاتێك گونجاوترو لەبارترە، تەنها پێویستی بەداڕشتنەوەی ستراتیژێکی نیشتمانیو نەتەوەیی هەیە، کە لەئاست ئاڵۆزیو قوڵی کێشەی کورد خۆیدابێت لەو ناوچەیەدا، ئەوکاتە بەدڵنیاییەوە دەتوانین باس لەفاکتەری کوردی بکەین، وەك ئیرادەیەکی سەربەخۆو یاریزانێکی دیار، لەگەمە جیۆپۆلەتیکییەکاندا.

ئەم وتارە دەربڕی بۆچونی نووسەر خۆیەتی

شارپرێس

# پەتای گەندەڵی سیاسی لە پەرلەماندا

## لاوک سەلاح

لە کتێبی بەندە "دامەزراوە و ریفۆرم: دیدێکی سیاسی پیشەیی" چاپتەرێکی تەواو باس لە میکانیزمی ریفۆرمکردنی سەرتاپا پەیوەندییەکانی پەرلەمان بە کۆمەڵگەوە دەکەین و پێشنیار دەکەین کە پەرلەمان لە ئێستادا لەسەر دوو کۆڵەکە ریفۆرم بکرێت، کۆڵەکەی یەکەم، بنەمای مافە مەدەنییەکان کە تشرینییەکان بانگەواز و خەباتیان بۆ کرد، کۆڵەکەی دووەم: بنەما دامەزراوەییە نێودەوڵەتی و گەردوونییەکان کە پشت ئەستوورە بەو مافە ستاندەردانەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئیلتیزامی پێوە دەکەن و بۆ رێژەی سەرکەتووی هەر پەرلەمانێک لە دونیادا وەک پێوەری هەڵسەنگاندن بەکاری دەهێنن.

لەم نووسینەدا بەردەوامی بەو دید وتێڕوانینە دەدەین کە یارمەتی پەرلەمان دەدات کاریگەرتر بێت تا ئەو کۆڵەکانەی سەرەوەش باشتر بەرجەستەببن. بۆ ئەوەی پەرلەمان لە عێراقدا ببێتە نموونە بۆ پەرلەمانەکانی دیکەی ناوچەکە و نەبێتە پانتاییەک بۆ زۆرانبازی پارتی سیاسی، بێگومان زۆرانبازی لە پێشبرکێ و ململانێی سیاسی جیاوازە، بۆ ئەوەی پانتایی پەرلەمان نەبێتە پانتایەکی دیکتاتۆریانە و مۆنۆپۆل بکرێت، لە بری ئەوە، پەرلەمان وەک یەکەم ئامرازی بەرجەستەکردنی پرۆسەی دیموکراسی، یارمەتی پرۆسەی سیاسی بدات بۆ ئەوەی سروشتیانە گەشە بکات و بکرێتە پێوەرێکی دادپەروەرانە و شەرعیەت بە رەفتاری سیاسی بەدی لۆکەڵ نەدات کە لەسەر بنەمای گروپ گروپێنە و تەکەتولی سیاسی، بێ بوونی بەرنامەی سیاسی، بیناکرابێت.

گرنگە لە سەرەتادا، پێناسەیەکی سەرەکی و سەرەتایی بۆ ئەو جۆرە لە گەندەڵییە بکەین کە باسی لێوە دەکەین، گەندەڵییەک کە بەم دواییە "سکاندڵی سەدە"ی لێکەوتەوە کە هەندێک لە ئەندامانی پەرلەمان بەشداربوون یاخود عەقڵرێژی سکاندڵەکە بوون. ئەم جۆرە لە گەندەڵییە جیاوازە لە گەندەڵی تاکەس کە بە مەبەستی دەوڵەمەند بوون روودەدەن، "سکاندڵی سەدە" بە پلەی یەکەم گەندەڵییەکی سیاسی رێکخراوە و بۆ مەرامی سیاسییە و بە گروپ ئەنجامدراوە. بەمانایەکی فراوانتر، ئەم جۆرە لە گەندەڵییە سیاسییە سیستماتیکە و بریاری دەستەجەمعییە بۆ بەکارهێنانی سەرمایەی دەوڵەت بۆ مەرامی سیاسی.

بە گوێرەی پێناسەی رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی، گەندەڵی سیاسی مۆنۆپۆڵکردنی سیاسەت 'Policies' و دامەزراوەکان و رێکارە "Procedures" یاساییەکانە لە لایەن بریاردە سیاسییە سەرەکییەکانەوە کە پێگەی خۆیان بەکار دەهێنن بۆ پتەوکردنی هەژمونیان لە رێگەی کۆنترۆڵکردنی سەرمایە و داراییەوە. هۆکاری سەرەکی بەردەوامی گەندەڵی سیاسی لە پەرلەمان بە تایبەتی و پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا دەگەرێتەوە بۆ سەرەتاکانی دامەزراندنەوەی حکومەتی عێراق پاش ٢٠٠٣، واتە ٢٠ ساڵ لەمەوبەر! ئەو ژینگە سیاسییە، فاکتەری سەرەکی بوو لە روودانی هەموو سکاندڵەکان، لەو کاتەوە تا ئێستا. ئەوکات، دەبوایە دەوڵەت و دەوڵەتداری لەسەر بنەمایەکی پتەو دامەزرابایە و کاتێکی باشتر بۆ هاتنەکایەی پرۆسەیەکی سیاسی دیموکراسی دادپەروەرانە لە لایەن هێزە سیاسییەکانی هاوپەیمانانەوە تەرخان بکرابایە، بەداخەوە هاوپەیمانان، لە نەبوونی دامەزراوەکانی دەوڵەت، یاخود بوونی دامەزراوەی لاواز، یاخود رووخاندنی ئەو دامەزراوانەی کە هەبوون، بە دەستێک عەشیرەتەکانی باشووریان بە سەقەتی دەژیاندەوە، پێکهێنانەوەی عەشیرەت بۆ هێنانەدی ئامانجی سیاسی هاوپەیمانان بوو کە بە بونیادی عەشیرەتەکان نامۆ بوو، ژیاندنەوەیان دوور بوو لەو بنەما سەرەکییە باوانەی کە عەشیرەت خۆی پابەندێتی، و بەدەستێکی دیکەش، هاوپەیمانان یارمەتی پارتە سیاسییە عێراقیەکانیاندەدا وەک عەشایر خۆیان دامەزرێننەوە، نەوەک وەک پارتی سیاسی کە بەرنامەی سیاسی نیشتمانی هەبێت. باشترین ئاماژە لەم بارەیەوە پەیوەندی نێوان عەشیرەتەکان و هاوپەیمانان بوو کە لە رێگەی بنکە سەربازییەکانی هاوپەیمانانەوە بوو، نەوەک راوێژکارە سیاسییەکان، لە بەرئەوەی کاریان لە دۆخێکدا دەکرد کە خەسڵەتی هیستریای جەنگ و دەستبەجێی پاش جەنگ باڵا دەست بوو. ئەوان، راوێژکارە سیاسییەکان، کاریگەرییان نەبوو، ئەمە سەربارەی ئەوەی هاوپەیمانان وەک بریاری سیاسی پەلەیان بوو بە خێرایی لە وڵاتەکە دەربچن بە بێ ئەوەی دڵنیابن، لانی کەم، چەند کۆڵەکەیەک بێنە کایەوە یارمەتی پرسی دامەزراندنی حکومرانی و دەوڵەتداری بدات، هاوپەیمانان بە بریار و یاسای نەتەوەیەکگرتووەکان بەرپرسیارێتی سیاسی و یاسایی و ئەخلاقی و مرۆییان لەسەر شان بوو. بەداخەوە، لە ئەفگانستانیش، کەم تا زۆر، هەمان ئەنجامی لێکەوتەوە.




لەم کاتەدا، پارتە سیاسییە عێراقییەکانیش نەدەپرژانە سەر ئەوەی کە دەستبەجێ لە پاش رووداو، لە پاش رووخاندنی دەوڵەت و دیکتاتۆریەت، جۆرە مۆدێلێکی بەدیل بۆ حوکمێکی ناجێگری سەد ساڵە، لە ماوەیەکی کەمدا، کە کاری پێنەکرابێت بێننە ئاراوە و ئیشی پێبکەن. عێراقییەکان متمانەیان بە یەک نەبوو، لە سەنگەری جیاواز بە یەکتر بوون، هێشتا تارمایی براکوژی لە برەودا بوو و کەسیش مێژووی رۆژانی کوشتنی سیاسییان لە بیرنەکردبوو. گەرانی ئەوان، عێراقییەکان، بەر لە دامەزراندنی پرۆسەی سیاسی، گەڕان بوو بەدوای شوناس و ناسنامەیەکی نوێ بۆ جوگرافیایەک کە هەموو بە ترس و نامۆبوونەوە هەستیان بە ئینتیما بۆی دەکرد.

دۆخێکی هیستیریای لێڵ بوو، قۆناغی گواستنەوەی لە ئەنقسەت بوو لە تۆتالیتاریەتی دەوڵەتەوە بۆ پەرتەوازی جومگە سیاسییەکانی دەوڵەت و ناجێگری باروەدۆخی ئەمنی و ناسەقامگیری سیاسی کۆمەڵگە و بەخشینی جوگرافیایەک بە هێزە توندرەوەکان تاوەکو گەمێ بە مێژوو بکەن. وەک شەهادەتێکی مێژوویی جوانترین پێشبینی سیاسی لە رێگەی ئەدەبەوە بۆ ئەو دۆخە سیاسیە ئەوە بوو کە چیرۆکنووس کاک "شێرزاد حەسەن" لە چیرۆکی "عێزرائیل"دا کە لە کۆتایی هەشتاکاندا نووسی، پێشبینی شڵەقاندن و پەشێوی سەرتاپا کایە و جومگەکانی کۆمەڵگەی کرد، لە پاش کوشتن یان مەرگی ئەو کەسەی هەموو پانتاییەکانی خێزان و کۆمەڵگەی داگیر کردبوو، تەنانەت خەونی نەوەکانی ئاییندەشی مۆنۆپۆڵ کرد بوو، هەر بۆیە ئەوانەی کە هاتنە سەرحوکم نەیاندەویست دوور لە ئیرادەی خۆرسکی خۆیان، وڵاتەکە بدەنە هەر هێزێکی لۆکەڵی تری بەشدار.

لە پاش دەستنیشانکردنی دۆخە سیاسییە مێژووییەکە، با هەندێ رێکار دەستنیشان بکەین، کە رەنگە رۆژێک بێت و بنە کرۆکی کاری پەرلەمان، رۆژێک بێت بواری گەندەڵی سیاسی نەبێتەوە و ئەگەر کرا بێ سزا تێپەر نەبێت، بۆ ئەو مەبەستە، ئەم پێشنیارانەی خوارەوە کە خۆیان لە رێکارە ناوخۆییەکانی پەرلەمان دەبیننەوە بە کورتی و پوختی تاوتوێ دەکەین:

1 .پێداچوونەوە بە یاساکانی رێکخستنی کاری پەرلەمان: پێشووتر باسمان لەوە کردووە کە دوو جۆر ریفۆرمکردن لە سیستمی سیاسیدا هەیە، یەکەمیان ریفۆرمکردنی کۆی سیستمی سیاسییە و دووەمیان ریفۆرمکردنی کار و ئادای سیاسییە، بەداخەوە لە عێراقدا، هەردوو سیستمەکە پێویستی بە چاکردن هەیە و پێداچوونەوە بە یاساکانی رێکخستنی پەرلەمان دەکەوێتە خانەی چاکردنی ئادا و یاسا و رێکاری کاری پەرلەمان، ئەمە سەرباری چۆنێتی و میکانیزمی دەرچواندنی بریار و پرۆسەی بریارکردنی پرۆژە، کە چەندان پرسیار لە خۆی دەگرێت، روونترین نموونە لەم بارەیەوە،


"سکاندڵی سەدە" بوو کە ژمارەیەک لە پەرلەمانتاری عێراق، نەوەک تێوەگلا بوون، بەڵکو داڕێژەری پلانی سکاندەڵەکە بوون.

2 .پێداچوونەوە بە کاروباری دارایی و ئیداری پەرلەمان: لە کەڵێنە گەورەکانی پەرلەمان ئیدارەدانی کاروباری ناوخۆ و داراییە، هێشتا پەرلەمان دامەزراوەیەکی تۆکمە نییە، یاخود نایانەوێت تۆکمە بێت، کە ئەندامەکانی دیسپلین بکات و پابەندی یاسا ناوخۆییەکانی بێت، بەداخەوە، زۆربەی ئەندامەکان خۆیان لە پەرلەمان گەورەتر دەزانن، ئەمەش خەسڵەت و سیفەتێکی پارتی سیاسیە کە ناتوانێت ئادای ئیداری و پەرلەمانتاری بکاتە بەشێک لە مێژووی سیاسی پارتە سیاسییەکە. بەمانایەکی فراوانتر، زۆربەیئەندامانی پارتی سیاسی دان بە پارتی سیاسیدا دەنێن وەک شەرعیەتی کاری سیاسی نەوەک کاری دەوڵەتداری، بەداخەوە کە نەتوانرێت مێژووی سیاسی بە ئەزموونی دەوڵەتداری دەوڵەمەند بکرێت، ئەو مێژووە سیاسییە کاڵ دەبێتەوە و چاڵ بۆ مەرگی خۆی هەڵدەکۆڵێت.

3 .پتەوکردنی سیستمی چاودێری و هەڵسەنگاندن: بە هەمان شێوەی سەرەوە، لە بوونی دەوڵەت لە ناو دەوڵەتدا، بوونی سیستمێک بۆ چاودێری و هەڵسەنگاندن دەبێتە ئەرکێکی مەحاڵ و بۆ چەندان نەوەی ئاییندە دوادەخرێت. سیستمی چاودێریکردن لە پەرلەماندا، دامەزراندنی کامێرای شاراوە نییە. بۆ وڵاتێک، کە لە کۆی سیستمی ژیانیدا بڕوای بە تاپۆ هەیە، نەوەک میوانی چوار ساڵە، هەستکردنی سیاسی بۆ پتەوکردنی چاودێری و هەڵسەنگاندن وەک بەشێک لە بەهای دامەزراوە لاوازە. بەداخەوە، گاڵتە بە هەموو شتێک دەکرێت. ناکرێت داوا لە پەرلەمان بکرێت چاودێری کاری حکومەت بکات، بەڵام نەتوانرێت چاودێری کارەکانی خۆی بکات! دەبێت لایەنێکی سێهەمی سەربەخۆ هەبێت بەو کارە هەڵسێت.

پوختەی قسە: پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی تەنها بە دابینکردنی ژێرخانی پرسەکە بەڕێوە ناچێت، ئەنجامە ستراتیژەکانی پەرلەمان پێویستی بە بوونی رۆحێکی سیاسی زیندوو هەیە کە ئاراستەی پرۆسەکە بکات و ژێرخانەکە بە دروستی بەکار بهێنێت. دامودەزگاکان وەک دیوارێکی بێ گیان دەمێننەوە ئەگەر بڕیاری بوێرانەی سیاسی بۆ بەرجەستەکردنی بنەماکانی پرۆسەکە نەدرێت. پەتای گەندەڵی سیاسی بەردەوام بڵاودەبێتەوە، ئەگەر ریفۆرمێکی راستەقینە بە سیستمی ناوخۆ و ڕێکارە داراییەکانی پەرلەمان نەکرێت، کاریگەری ئەو کەڵێنانە لەسەر هەموو ئاداکان دەبێت و لە پرسەکانی، بۆ نموونە، بودجە دارشتن و یاسا دەکردن و چاودێری کردن بە روونی رەنگ دەدەنەوە.

تا ئەوکاتەی نارەزاییەکانی تشرینیەکان بەهەند وەردەگیرێن و پرۆژە ستاندەردەکانی دامەزراوەکانی بواری گەشەسەندن "التنمیة" دەچنە بواری جێبەجێکردنەوە بە یەزدانی گەورەتان دەسپێرم.



# شەهید د.ئاتێلا - ساڵی ١٩٨٩ - ئێران(دزڵێ)

## شەهید د.ئاتێلا و دڵە عاشقەکەی...

شەهید د.ئاتێلا و عەشقەکەی، ئاتێلا خۆی پزیشکیار بوو، لە ڕۆژەسەختەکانی خەباتدا هەم وەک پێشمەرگەیەکی ئازا و پزیشکێکی دڵسۆز بۆ تیماری برینەکانی هێزی پێشمەرگە دژ بە رژێمی بەعس ئەجەنگا..

ئاتێلا خۆی پێشمەرگە بوو، پێشمەرگە خۆی عاشقە، عاشقی نیشتمان، بەڵام ئاتێلا عاشقی هەم نیشتمان و هەم عاشقی یارەکەی بوو, یارەکەی کچە شۆخێکی دێی بنەکەی گەرمیان بوو، ئەو دەمەی دەستی ڕەشی ڕژێمە گۆڕ بە گۆڕەکەی بەعس گەشت بە گەرمیان و تاوانی ڕەشی ئەنفالیان خولقاند.. ئەو دەمەی یار بەرەو بیابانەکانی ئەنفال ڕاپێچرا، ئاتێلاش لەگەڵ ڕەوی پێشمەرگەکاندا بە دڵی پڕ لە خەم و ئازارەوە بەرەو وڵاتی ئێران کۆچی کرد.

دڵی عاشقی ئاتێلا ئۆقرە ناگرێ و لەگەڵ کۆمەڵێک لە پێشمەرگە پارتیزانەکاندا بەرەو گەرمیانی چۆڵ و کاولکراو دەگەڕێتەوە، زیاتر مەبەستی گەڕانەوەکەی ئاتێلا سەردان و بەسەرکردنەوەی دێی بنەکە بوو کە لە ئەنفالەکاندا وێران کرابوو لە گەڵێشیدا یارەکەی کە تووشی ئەوینێکی بێگەردی کردبوو بەر شاڵاوی ئەنفال کەوت و هەموو خەونەکانی ئاتێلاشی لەگەڵ خۆیدا بردو هەرگیز نەگەڕایەوە و بەزەییەکی بەم دەروێشە سەوداسەرەی ڕێبازی خۆشەویستیدا نەهاتەوە کە بە جیی نەهێڵێ.. دڵ کاری سەیر ئەکات.. سنوور ناناسێ تەنیا مەبەستەکانی خۆی ئەپێکێ، حەزی ئەچێتە سەر کەسانێک لەگەڵ ئاستی خۆیدا یەک ناکاتەوە.. ئاتێلایەکی ئۆمی بەخسیری تووشی داوی کچە شێخێکی دێی بنەکە ئەبێ کە هەرگیز کەسووکاری قایل نە ئەبوون ئەو دڵخوازەی خۆی بدەنێ لەبەر جیاوازی پایەی کۆمەڵایەتی و ئاینی کە گوایە ئەوان شێخن و وەک نەوەی پێغەمبەرن.

ئەم جیاوازیە کۆمەڵایەتیە بووە مایەی ئەوەی ئەم دوو دڵە بەستەزمانە لە چوارچێوەی ژیاندا یەک نەگرنەوە و تا لە ئەنجامدا کچە شێخ ئەنفال ئەبیا و ئاتێلاش ئەمجارە بۆ دیداری هەوار و جێژوانەکانیان گەیشتەوە دێی بنکە و بە هەناسەی ساردەوە جارێکی تر گەڕایەوە ئێران و تەنیا لە دوورەوە لە بەرزاییەکانی هەردەی زەنگەنەوە هەوای خۆشەویستییەکی خەفەکراوی دێی بنەکەی لە ناو لمستانی بیابانەکانی عەر عەرەوە هەڵئەمژێ.. کە لە دواساتدا لە شەرێکی ناوشاری کفریدا و لە دەمی ڕاپەڕیندا ئەمیش بە دەستی هەمان ڕژێمی ئەنفالکەر شەهید ئەبێ و ئاواتەکەی لەگەڵ فاتیلادا بۆ ئەو دنیا هەڵئەگرێ.. تۆ بڵێی لەو دنیا لە ژوانێکدا دوور لە چاوی کەس و کار.. ئەو دوو دڵە شەهیدەی عەشق یەکنەگرنەوە..؟؟

لە کۆتایدا، هەزار سڵاو لە مەزارت، پزیشکیارە دڵسۆزەکەی هێزی پێشمەرگە، یادت هەمیشە زیندوو زیندووتر ئەمێنێتەوە.

وەرگیراوە



# پەلکەڕەنگینەی خۆشەویستیی و جوانیی - 11



لەشکری کرێوە و شڵێوە بەڕێوەیە ...
ساڵێ چوار وەرزە، هەردوو وەرزی بەهاری سەوز و تەڕ، بەهاری گوڵی جوان و بۆنخۆش، زستانی پڕ لە ساردوسڕیی و قاتوقڕیی، ئەم سەر و ئەو سەریان، لە هەردوو وەرزی هاوینی گەرموگووڕ، وشک و برینگ، بووکی پاییزی زێڕی زەرد و گەڵاڕێزان، باخی پڕ لە میوە و فەڕ گرتووە!
کاروانی زستانی دووروردرێژی تووڕەی (کوردستان)، وردەوردە، بەرەوپێشەوەدێ. هەموو شتێ دەگۆڕێ: چیاوچۆڵ، دەشتودەر، شارودێ، بەرگی زستان دەپۆشن. هاڕەوگرمەی هەور، وژەی با، هەموو زیندەوەرەکان ڕادەچڵەکێنن. ڕایەخی بەفری سپی، هەموو چیاوچۆڵەکان دادەپۆشێ. سەرماوسۆڵە، قامکان دەتەزێنێ. لەشکری کرێوە و شڵێوە، پەلاماری وڵات دەدەن، سەرتاسەری داگیردەکەن و خەڵکی لە ماڵ دەخزێنن. پەلەوەڕ و باڵندەکان، لە کونەدار و هێلانەکانیاندا، خۆیان دەشارنەوە. گیانلەبەرە کێویلەکان، لە نێو ئەشکەوت و دارستانەکاندا، خۆیان حەشاردەدەن. ئیدی بە ئەو شێوەیە، سەراپای ژیان، ڕەنگوڕوویەکی دیکە وەردەگرێ! (1)
دوێنێ تەرمی وەرزی پاییزی پرچ زەردمان ناشت، ئەوڕۆش پێشوازی لە یەکەمین ڕۆژی، لەدایکبوونی وەرزی زستانی چاو سپی دەکەین. بەڵێ، وەرزی پاییزی پڕ لە کێشە و گرفت، پڕ لە نەگبەتیی و نەهامەتیمان بەڕێکرد، وەرزی شەختە و سەهۆڵبەندانیش هات.
کەواتە، با خۆمان بۆ هەموو گرفت و ڕووداوەکان ئامادەکەین، بەرگەی پیرە زستانی بێ نەوت و کارەبای، پڕ لە تۆف و کرێوەی ئەم وڵاتە بێ خاوەنە بگرین. چونکە هەزاران وەرزی خۆش و ناخۆش، پڕ لە ئاشتیی و جەنگ، هەژاریی و نەبوونیی تێپەڕبوون، هێشتا ژیان هەر بەردەوامە!
ڕەوانشاد (شێرکۆ بێکەس)، ساڵی (1969)، لە هۆنراوەی (زستانی تەمەن)دا، بە شێوەیەکی زۆر جوان، کەرەسە و دیاردەکانی کەژی زستانی، لەگەڵ ژان و ئازاری گەلەکەماندا تێکەڵاوکردووە و بە (5) چوارینە گوتوویەتی:

چاوی زستان بێ وەنەوزە، پێڵووی ئارامی لێک نانێ
شەستە باران، هەزار بەهـــار، نادا بە کوڵی گریانێ
شەوی تاریک، وەها چۆکی لەسەر سنگی شار داداوە
لە (ســەیوان)ی هەر ماڵێکا، دارئەرخەوانێ ڕواوە (2)



منیش دەڵێم: خوایە گیان!
زستانێکی پڕ بەفر و باران بێ، ئاوی کانیی و بیرەکان، چەم و ڕووبارەکان، دار و درەخت، گیا و گوڵە کێویلەکانی دەشت و هەردەکانی نیشتمانەکەمان بیووژێنیتەوە. زستانێکی پڕ لە ئاشتیی و تەبایی، هێمنیی و سەرکەوتن بێ، (کوردستان)ەکەمان لە هەموو بەڵایەک بپارێزێ!

21 .12 .2017

سەرچاوە

1. حوسێن موحەممەد عەزیز، یاقووت و زمڕووتی کوردیی، بەرگی 3، 2007، ل 17.
2. شێرکۆ بێکەس، دیوان، بەرگی 2، چاپی 2، سولەیمانیی، 1993، ل 240-241.

## وەڵامێ بۆ (ئۆردووگان)




دوکتۆر حوسێن موحەممەد عەزیز
نووسەر و مامۆستای زانکۆ

لە گرتە ڤیدیۆیەکدا، یەکەمین دوژمنی سەرسەختی کورد (ئۆردووگان)، زۆر بە ئاشکرا و بە شێوەیەکی ناشیرین، گاڵتە بە کورد دەکا و مافی ڕەوای دەوڵەتی کوردی، بە ئەندێشە و سەرلێشێواویی دادەنێ.
منیش دەڵێم: گەر جەنگێکی جیهانی گەورەی سەرتاسەری ڕوویدا، بەرەی خۆراوا و ناتۆ سەرکەون و دەس بەسەر ناوچەکەدا بگرن، کورد پیاوی ڕامیاری ژیر و ڕووناکبیری هەبێ، لەگەڵ سەرکەوتووەکانی جەنگدا بێ، نەک دوای پڕوپاگەندەی برایەتی و ئایینی هاوبەشی داگیرکەران بکەوێ، وەک لە دوای یەکەمین جەنگی جیهانەوە ڕوویدا و ئەو هەڵوێستەی هەبوو، ئەوا دوور نییە، ناوچەکە سەرلەنوێ دابەشکەنەوە و (کوردستان)ی گەورە درووستکەن. ئەو کاتە هەزاران سەرۆکی دەوڵەتی داگیرکەری دوژمنی وەک (ئۆردووگان)، بە هەردوو دەس قوڕ دەپێون و بەدرۆدەکەونەوە.
2023 .1 .1

# خاڵە شێخ سدیق-ی چۆخماخ





شێخ سدیق شێخ فەرەج شێخ لەتیف لە 1932 لە گوندی چۆخماخ ی سەر بە ناوچەی ماوەت لە دایک بووە ،تەمەنی 8 ساڵ بووە ، باوکیماڵئاوایی یەکجاری لە ژیان کردوە .

چۆخماخ یەکێکە لەگوندێکی جوان و دڵگیرەکانی دۆڵی جافایەتی ، هەر چواردەوری ئاواییەکە دەشتە ، پرە لە دارستان و سەرچاوەی ئاوی سازگار.، شوێنێکی ستراجییە و کەوتوەتە نێوان چیای [ئاسنگەران، پیربایز ، تاتە شین ، پیرەمەگرون] .

شێخ سدیق لە سەرەتادا لای باوکی وانەی سەرەتایی ئاینیی خوێندووە .دواتر لای مەلا خدری خوڕ خورە خوێندویەتی ، لە مزگەوتی شێخ سەلام بەردەوام بووە لە سەر خوێندن .

لە 1949 بە هۆی مەلا عەلی سوسێ وە ، پەیوەندی بە رێکخراوی 5 ی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردوە.

لە 1958 لە گوندی هەناران ی خوارولە گەڵ [کوێخا حسین ] ی هەناران ئەنجومەنی جوتیاران یان دروست کردوە .

لە 1960 دا بەشداری مانگرتنەکەی سلێمانی و لە 1961 بەشداری لە خۆپیشاندانی چیای خەلەکان و ئەزمری کردووە،
لە1962لە قۆپی قەرەداغ کراوە بەلێپرسراوی ناوچەی سەرچناری سەر بە لقی 4ی پارتی .

لە1 /1 /1974 پەیوەندی کردوە بە [کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردوستان ] ە وە .کادرێکی کۆمەڵا یەتی و خۆشەویستی خەڵکی گوندەکان و ناو هێزی پێشمەرگە بووە لە سنووری ( چۆخماخ ، مێولاکە .سنگر ، قوڵەچاخ . گاپیلۆن ،مالومە، گەرەدێ ، گەورەدێ ).

راو بۆچونەکانی لۆژیکانە هەبوو ، بۆ کردنەوەی گرێ ی کێشە ئاڵۆزە کۆمەڵاتیەکان و چارەسەرکردنی بە زمانی برایەتی و خۆشەویستی و رۆحی مرۆڤایەتی بۆ ئاشتی .دەیان کێشەی کۆمەڵایەتی گوندەکانی چارەسەر کردووە .

خاڵە شێخ سدیق لە رۆژە سەختەکان دا ، رۆڵی سەرەکی دیاری مێژوویی هەبووە لە هەڵسوڕا ندنی کاروباری پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکان.رۆڵی هەبووە لە دامەزراندنی ئەنجومەنی گوندە کان .

کەسایەتیەکی رۆشنبیر رووخۆش .کۆمەڵایەتی دیاری هەردوو شۆرشەکە بووە ، هەمیشە زەردەخەنە لە سەر لێوەکانی بوو .
رشتەی مرواریەک بوو ، لە نوکتەی حازر بەدەست ، بە تەکنیکێکی هونەری وا جوان ئەو نوکتانەی دەگێڕایەوە ، دەبووە مایەی تێڕامانی بەرامبەرەکەی .

خاڵە شێخ سدیق رێزی هەموو کەسێکی دەگرت ، زۆر بەوردی گوێی لە بەرامبەرەکەی دەگرت ،خاوەنی بیرو تێراونینێکی زۆر کراوەو پێشکەوتوخواز بوو ، بە بەردەوامی کتێب و سەرچاوە ی جیا جیا ی دەخوێندەوە .

ماڵێ خاڵە شێخ سدیق و کاک ئومێدی کوڕی لە چۆخماخ ، ماڵی زۆربەی پێشمەرگە و ئەو کەسانە بوو کە روویان دەکەوتە ناو چۆخماخ .

دوای مانگێک لە سەر پێخەفی مەرگ .لە سەعات 12 نیوەرۆی 15 / 12 / 2016 لە شاری سلێمانی ماڵئاوای لە ژیان کرد .

عەبدوڵڵا کەریم مەحمود

# قەڵای هەولێر

قەڵای هەولێر تەپۆڵکەیەکی بازنەیی ڕووتەختە بە ڕووبەری ١٠٢،١٩٠ مەتری چوارگۆشە لە ناوەڕاستی شاری هەولێر، کە لە کۆنەوە ناوەندی شاری هەولێر بووە.


مێژووی قەڵای هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاشووریکان و هەزاران ساڵ پێش زایین، ئەم قەڵایە لەلایەن جوولەکەکان و ئاشووریکان بنیات نراوە تەپۆلکەیەکی بازنەیی رووتەختە، ڕووبەرەکەی (١٠٢ هەزارو ١٩٠) م٢ یە و لە ناوەڕاستی شاری هەولێر هەوڵکەوتووە، ٤١٥م لە ئاستی ڕووی دەریا بەرزترە و بە بەرەنجامی ٣٦م و ٢٥سم لە ئاستی ڕووی شاری هەولێر بەرزترە کە لە بەرزترین شوێن دەگاتە نزیکەی ٣٠م. هەندێک بیرورا هەیە دەڵێت قەڵای هەولێر لەوەی ئێستا بەرزتر بووە، بەڵام لە ساڵی (٢١٦ز) ئیمپراتۆری ڕۆمانیا (کراکلا) لە کاتێ هێرشی بۆ سەر تیسفۆن بە هەولێردا ڕۆیشتووە و تەپۆلکەکەی قەڵا کە گۆڕستانی پاشا فۆرسییەکان بووە ڕووخاندوویەتی و ئێسکوپروسکی مردووەکانی دەرهێناوە. ئەم قەڵایە دێرینە لە ساڵی ٢٠٠٥ لەلایەن ڕێکخراوەی یوونێسکۆوە بە یەکێک لە گرنگترین ١٠٠ شوێنەواری جیهان دەستنیشانکراوە کە پێویستە وەک کەلتوورێکی مرۆڤایەتی پارێزگاری لێوەبکرێت.

زۆر بیر و بۆچوون سەبارەت بەم گردۆلکەیە هەیە کە ناوەڕاستی دەشتایەکی پانوبەرین دەگرێت، هەندێک ئەم گردە بە دەستکرد و تورەگە ڕێژ دەزانن کەلەلایەن ئاشورییەکانەوە بە زۆرەملێ بە دیلەکانی جەنگ دروستکراوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرشی دووژمنەکان.

کە چی زانای ئەمریکی (ئەداورد کە بیرا) مامۆستای زانستی ئاشوورییەکان لە زانکۆی شیکاگۆ دەڵێت: لە عێراقی ئێستادا هەندێک شار هەن کە تا ئێستا خەڵکیان تێدا دەژی کەچی خۆی لەسەر گوندو شاری کۆن درو ستکراوە، لەوانەش شاری هەولێر و شاری کەرکووک، ئەوەی لەسەر تەپۆلکەی ئەم گردە دێرینە بروات شوێنەواری چەندین شارستانی کۆن دەبینێت کە بریتیە لە گردێک کە حەفت شارستانی لە خۆوە دەگرێت، سەرەتای دروستبوونی سۆمەری بووە و دواتر چاخەکانی (بابلی، فارسی، یۆنانی، پارسی، ساسانی، ئیسلامی) بینوە، واتا شارەکە ماوە بەڵام خەڵکەکەی دانیشتوی گۆڕاون واتا ئەمشوێنە لە ئاکامی چەندین شارستانیەتی پێش خۆیەتی و هەر جارێک بەهۆی هەر کارەساتێک تێکچووە، دواتر خەڵکەکەی لەسەر شارستانیەتە کۆنەکەی یەکێکی نوێیان دروستکردووە.

بەڵام قەڵای هەولێر تەنیا گردۆلکە نییە لە دەشتی هەولێر و بەدەیەها گردۆلکەی هاوشێوەوە لەم دەشتە پان و بەرینە سەر دەردەخەن و باشترین بەڵگەش گردی (قالینج ئاغا) یە کە چەند کیلۆمەترێک لە قەڵا دوورەو نزیکەی ٧ مەتر لە شەقامی بەردەمی بەرزترە و بەپێی ئەو پشکنینەی لە ساڵی ١٩٦٥ بۆی ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە ئەم گردۆلکەیە لە هەزارەکانی(٥٠٠٠-٤٠٠٠)پ. ز، ئاوەدان بووە (لە چاخی حەلەف عوبید و وەرکا) و لە هەزارەی سێیەم ژیانی لەسەر براوتەوە. هەروەها لەکاتی پشکنین بینرا لە ٧ چین پێک دێت (هەر چینێک گوزارشت لە شارستانیەتێک دەکات و بەدەیەها کەلوپەل و پارچەی گلێنەو پەیکەری گیانلەبەر و سەرکەتەشی گلێنە و جل و بەرگی جۆراو تێدا دۆزراوەتەوە کە هەمووی گەواهی ئەوەیە ئەم گردۆلکانە هەبوونە، بەڵام مرۆڤ زۆر ژیرانە بەکاری هێناون و توانیوویەتی سوودیان لێ وەرگرێت.

تەمەنی قەڵای هەولێر بە تەواوی دیار نییە، بەڵام لەسەروبەندی ساڵی ٢٠٠٠ پ. ز لە نووسراوەکانی پادشای سۆمەری (شۆلکی) بە ناوی (ئوربیلیم- urbilum) هاتووە.



بەڵام بەر لەوە و چاخی ئەکەدی(٣٣٥٠-٢١٥٠) پ. ز و لەسەردەمی یەکەم پاشایان (سەرجۆنی ئەکەدی) و لە هەڵمەتەکەی بەرەو باکوور بۆ تەمێی کردنی گوتییەکان فراوانکردنی ئیپمراتۆریەتەکەی بە هەولێردا ڕۆیشتووەو باس لە هەولێر کراوە.

ئیتر لەم مێژووەوە بە دواوەو لەسەرجەم چاخەکان باس لە هەولێر کراوە کە دەڵێین هەولێر واتا (قەڵا) چونکە تا ساڵی ١١٩٠ ز کاتی سوڵتان موزەفەرەدین دەبێتە فەرمانڕەوایی هەولێر و لەماوەی ٤٢ ساڵی فەرمانڕەوایەتی هەولێر زۆر دەگەشێتەوەو لەم ماوەیەدا بەشی خوارووی هەولێر (دەرەوەی قەڵا) دروست دەبێت (بەپێی نەخشەیەکی ساڵی ١٢٣٣ز (واتا دوایی ساڵێک لە کۆچی دوایی سوڵتان) لە خوارووی قەڵا دوو قوتابخانە و دوو مزگەوت و بازاڕی قەیسەری و بەشێکی گەرەکی خانەقا هەبوو و ئەم هەمووەش بە شوورەیەکی درێژ دەورە دراوە کە سێ دەرگای هەبووە، ئەوکات ڕووبەری ٣ کیلۆمەتر دووجا بووە و زۆربەی گەشەسەندنەکەی بەرەو باشوور و باشووری ڕۆژاوا بووە، و ئەم سێ دەرگایەش بەو ئاراستەیە بوونە.

**لە ویکیپیدیا وەگیراوە**

# ئەردۆگان گەڕایەوە هەمان ڕێچکەی ئەتاتورك

مسعودعبدالخالق

ئەتاتورك بە گوتاری ئاینی هاتە مەیدان ،بەو هۆیە کورد بوە پالپشتی ، یەکەم هەنگاوی بۆ دروست بوونی دەولەتی تورکیای نوێ دوو کۆنفرانسی تەئسیسی لە کوردستان بەست ، یەکەمیان لە ئەرزەرۆم لە 1919/7/23 و دووەمیان لە 4 ـ 1919/9/11 لە سیواس. ئینجا کوردەکانی ئەوروپا یارمەتیان کۆکردۆتەوەو بۆ ئەتاتورك ، مانگانە یارمەتی60.000$ یان بۆ دەنارد. زانایانی ئاینی کوردستان بەسەرۆکایەتی (شیخ سعید نورسی )لەگەل 76 موفتی و 25 زاناو 11 نایب فتوایان دا بۆ پالپشتی ئەتاتورك ،ئەوانەی ئەنقەرەیان ئازاد کرد زیاتر کورد بوون ..ئیحسان نوری پاشاش لە ئەستەمبۆل زۆرترین رۆلی خۆی بینی...لەگەل زۆری تر کەچی ئەتاتورك هەلسا تەنازولی بۆ روسیاو بریتانیاو عیراق و هەمولایەك کرد تەنها دژی کورد.

لە ١٩٢١/٣/١٣ لەگەڵ ئیتالیا ڕێککەوتن، لە ١٩٢١/٣/١٦ قرمی دا بە روسیا، لەگەڵ فەرەنسا لە ١٩٢١/١٠/٢٠ ڕێککەوتن و کلیلکاشی دا بە فەرەنسا، لە ١٩٢٠/٥/٣٠ لە هەمان کاتدا بە مادەی (٢٢)ی (عوسبەتول ئومەم) و مەرجەکانی ئینتدابی لەسەر میراتەکانی قایل بوو، ... لە ١٩٢٤/٣/٣ ئەتاتورک بەفەرمی دەوڵەتی (عوسمانی) هەڵوەشاندەوە , ئینجا لةناوةخؤش (حزبی گەل) بةسةرؤكایةتی ئةتاتورك لة 29ی ئؤكتؤبةری 1923 هةمو حزبةكانی تری قةدةغة كرد تةنها حزب مایةوة

ئیستاش ئەردۆگان هەمان ڕێچکەی گرتوە ، بۆ ئەمریکاو روسیا وئیران وئیسرائیل هەمولایەك تەنازول دەکا ،تەنها دژی کورد ، دەلیت یەکپارچەی خاکی سوریا وعیراق وەك یەکپارچەی خاکی تورکیایە ، بۆیە سوپای هیناوەتە هەر 3 پارچەی کوردستان ، زۆر پیخۆشحال بوو منبج لەدەست کورد دەرچوو بۆ سوریا ،ئاواش پیخۆشحال بوو کەرکوك گەڕایەوە بۆ بغداد، نەخشەیەکی کوردستان لە وانەی پۆلی شەش لە کۆسۆڤا دەخویندرا پێی لادان ، بەکوردستانی گوگلیش رازی نەبوو .. (فَبِأَيِّ حَدِيثٍ بَعْدَهُ يُؤْمِنُونَ)

.تیبینی : دوای ئەوەی ئەتاتورك دژی کوردو دژی ئایین وەستا شیخ سعیدی نەورەسی هەر لەدژی ئەتاتورك بوە .



صاحبی : نبی زاده حمدی

رسملی پرشنبه

دیاربکرده اعدام ایدیلن خائن شیخلرك اعدام سهپاسنده کی رسملری

مرتجع شیخ سعید وآرقداشلرینك اعداملریله انقلاب تاریخنده یکی بر دور آچیلدی.

# لەبەردەم دەروازەکانی ٢٠٢٣ دا

پێنج سەد ساڵ پێش ئێستا، قۆریەکی زۆر گرانبەها بۆ یەکێک لە ئیمپراتۆرەکانی یابان بە دیاری دەبرێت. دوای ماوەیەک قۆریەک بە دەست هێنان و بردن و بەکارهێناوە ڕۆژانەوە ئەشێکت ئەبێت بە چەندین پارچەوە. هەموان زۆر هەوڵی چاکردنەوەی ئەدەن و، کەس ناگات بە چارەسەرێک بۆ گەڕانەوە قۆریەکە بۆ پێش دۆخی شکانی. کاتێک چیرۆکی شکانی قۆریەکەی ئیمپراتۆر بڵاو ئەبێتەوە، وەستایەکی داهێنەر بانگەشەی چاکردنەوەی قۆریە ئەکات، بە شێوەیەکی جوانتر لە دۆخی پێش شکانی. ئیمپراتۆر، دەرفەت دەدات بە وەستاکە و بە ئومێدی چاککردنەوەی قۆریەکەی چاوەڕوان ئەبێت. لەگەڵ گەڕانەوەی وەستاکەدا، ئەبینن، شوێنی شکاوییەکان هەر ماون، بەڵام جیاوازیە گەورەکە ئەوەیە کە قۆریەکە بە ئاوی ئاڵتون درزەکانی بەیەکەوە نوسێنراون و، جێگاکانی شکاویش وەک نەخشێکی ئاڵتونی بە قۆریەکەوە بڵاوبونەتەوە و ئەدرەوشێنەوە. لەو ساتەوە، سیمای جوانی و نرخی قۆریەکە دەیان جار زیاتر بەرز ئەبێتەوە. شکان بۆ قۆریەکە، ئەبێت بە دەرفەتێک بۆ جوانتر بون و بە دەروازەیەک بۆ بەنرختر بون.

لێرەوە، چەمێک بە ناوی (هونەری چاککردنەوە شکان بە ئاوی ئاڵتون-kintsugi) ئەبێت بە جۆرێک لە کلتور و دنیابینی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ شکاندا. هیچ مرۆڤێک لە ژیاندا، بێ بەش نابێت لە ئازاری دڵشکان و لە دەستدانی خۆشەویستان. لەدنیابینی کینسوگیدا، مرۆڤ بە ئومێدی ژیانێکی بێ ئازارەوە ناژی، بەڵکو هەوڵ ئەدات مانا بدات بە ئازارەکانی خۆی و دەوروبەری. لە کینسوگیدا، مرۆڤ لەسەرخۆ پارچە شکاوەکانی ژیانی هەڵئەگرێتەوە و، بە وردی تەماشایان ئەکات، لەگەڵیاندا دائەنیشێت، هەوڵ ئەدات لێیان تێبگات. دواتر، شکاوی، ئەبێت بەو نەخشە ئاڵتونیەی کە هەمو کات و لەگەڵ بینینی جێگاکانیاندا، وانەکانیمان بیر ئەکەوێتەوە و بونمان فراوانت ئەکەن.

هەر ساڵێک، بۆ هەر یەکێکمان، مانای تایبەت بە خۆی هەیە. لەگەڵ نزیکبونەوەی کۆتا کاتژمێرەکانی ساڵیشدا، وەک فلمێک ئەتوانین ئاوڕ لە ژیانمان بدەینەوە و لە ماناکانی تێڕابمێنین. بۆ ساڵی تازەش، بە دەیان خەون و هیوا و ئومێدی گەورەوە بەرێبکەوین. نوێبونەوەی ساڵ، تەنها بە گۆڕینی ژمارەیەک بە یەکێکی تر نیە، بەڵکو بە نوێکردنەوەی بیرکردنەوە و دنیابینە، بە بەخشینی مانایە بە ڕودا و کارەکانمان، بە دەستکاریکردنی شێوازی مامەڵەکردنمانە لەگەڵ خۆمان و لەگەڵ دنیای دەوروبەرمان. لەگەڵ هاتنی هەر ساڵێکی نوێشدا، ئێمە لەبەردەم دەروازەی دەیان سەرەتای نوێ و، ئەگەری نوێ و بیرکردنەوەی نوێ و، ژیانی نوێداین. "ئومێد" بە ساڵێکی باشتر، ئەو کلیکە سحرییە کە ئەتوانین دەروەزە گەورەکان و سەرەتا نوێکانی پێ بکەینەوە.

ساڵی نوێ لە هەموان پیرۆز بێت، بەهیوای ساڵێکی پڕ لە ئارامی و سەرکەوتنی زیاتر بۆ هەمو لایەکمان.



ستەم کامیل
٢٠٢٢/١٢/٣١

# چین خشکە خشکە دێتە ناو بەرژەوەندیە ئابوریەکانی ئەمەریکا

مەهدی کاوانی




خەریکە لێدوانە پێشتریەکانی ئەو پیاوە پیرەی ئێستای ئەمەریکی ، هنری کسنجەر کە پێشتر وزیری دەرەوەی ئەمەریکا بوو ، دێتە دی بەوەی کە دەیگوت حەماقەتیە کە ئەمەریکا خەریکی ڕووبەڕووبوونەوەیەتی لە گەڵ ڕووسیا . مەترسیە گەورەکە لە سەر بەرژەوەندیە ئابووریەکانی ئەمەریکا چینە نەك ڕووسیا . دە ئێستا کە ئەمەریکاو ئەوروپا شەری بە وەکالەت بۆ ئۆکرانیا لە دژی رووسیا دەکەن و پێیەوە چین خشکە خشکە دێتە ناو بەرژەوەندیە ئابووریەکانی ئەمەریکا.

سەفەری شی جین بۆ وڵاتی عەرەبی سعودی و بەستنی سێ لوتکە لە گەڵ گەورە دەسەڵاتدارانی سعودی و وڵاتانی کەنداو و ولاتانی تری عەرەبی و مۆر کردنی دەیان پرۆتۆکۆلی ئابووری و سەربازی و گەشەپێدانی زیاتر بۆ لە مەو دوا لەو نامەیە زیاتر دەستت ناکەوێ کە چین وا هێدی هێدی خەریکە شوێنی ئەمەریکا بگرێتەوە لە پەیوەندیە هەرە ستراتیجەکانی ئەمەریکاو کە ماوەی زیاتر لە 80 ساڵە درێژەی هەیەو پشدێنەیەکی هەرە پتەویشبووە بۆ پاراستنی ئیسرایل لە کێشەیان لە گەڵ وڵاتانی عەرەبی وفەلەستینیەکان.



دوا بەدوای ئەو سەفەرەی سەرۆکی چین بۆ وڵاتی عەرەبستانی سعودی ، ئەمەریکا هیچی بە دەستەوە نەماوە تەنیا هەندی ڕەد فعل نەبێ وەك بڕیار دان بە فرۆشتنی چەك بە بری ١٠ ملیار دۆلار بە تایوان و بەرز کردنەوەی پێشێلکاری چین لە سەر مافی مرۆڤ و هەندی عقوباتی ئابووری کە چین بەلایەوە هەر گرنگیشی پێ نادات و وەك بڵێت وەك دڵۆپێك ئاو بێت لە چاو ئەو سودانەی کە لە ڕێگای هاتنە ناوەوەی بۆ ناو دەسەڵاتی ئابوری ئەمەریکی بێت لە ناوچەی کەنداو.

پێش ئەو سەفەرەشەوە ئەمەریکا تا بڵێیت لە سعودیە نیگەران بوو لە کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت بە بری دوو ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکا لە ناو ڕێکخراوی ئۆپێك پلوس و پابەند نەبوونی سعودیەو زۆرانێك لە وڵاتانی کەنداو بەو گەمارۆ ئابووریەی کە خسترابوە سەر ڕووسیاو هەروەها نزیك بوونەوەی سعودیە لە گەڵ کۆمەڵێ ئابووری شەنغای و زیاد کردنی پەیوەندی دۆستانەی لە گەڵ ڕووسیاو ئێستەکە چینیشی هاتۆتە سەر.

زیاتر لە ١٠ ساڵیش دەبێ چین بە پلەی یەکەم و ڕووسیا بە پلەی دووەم کەوتوونەتە ناو بەرهەمهێنانی کیشوەری ئەفریقی کە زیاتر لە ٥٠ وڵات دەبن . دیارە پێش ئەو ماوەیە ئەو کیشوەرە دەناو دامەزراوەی ئابووری و سیاسی ئەمەریکاو ئەوروپادا بوینەو ئێستاکە پلەی سێیەمی واتە دوای چین و ڕووسا وەرگرتووەو ئەوروپاش پلەی چوارەم.

چین پێش ئەو پەیوەندیە ئابووریەیان لە گەڵ ولاتانی کەنداو ، ئەو نزیك بوونەوە ئابووریەی لە گەڵ ئێران و پاکستان و تورکیاش دەستی پێ کردبوو.



پرسیارەکە لێرەوە دەست پێ دەکات ئایا ئەمەریکا ئەوروپاشی بخە سەر دەتوانن ڕێ لە گەشەی چینی بگرن لە کاتێکدا ئاڵوگۆڕی بازرگانیانەی خۆیان هی ئەمەریکا یەك ترلیۆن دۆلارەو هی ئەوروپاش ٨٠٠ ملیار دۆلارەو پەیوەندیە ئاڵوگۆڕە بازرگانیەکانیشیان لەگەڵ ڕووسیا لە زیاد بووندایەو لە گەڵ یابانو زۆرانێك لە وڵاتانی تریش بە قەواریەکی زۆرەوە ئەو پەیوەندیە ئابووریە لە گەڵ چین درێژەی هەیە.

چین بۆ خۆی وڵاتێکی ملیارو سێ سەد هەزاری بێتو پەیوەندی ئابوریشی لە گەڵ دوو ئەوەندەی چڕی دانیشتوانی وڵاتەکەی بێت و دووەم گەورە ئابووری جیهانی و سێیەم گەورە وڵاتی سەربازی بێت و بە دوایەوە وەها ئاسان دەکەوێ ئەمەریکا بتوانێ ڕێ لە پەرەسەندنەکانی بگرێ.

بو شەڕەی ناتۆش لە دژی ڕووسیا ، تا ئێستا هیچ بەرچاو ڕوونیەك دیار نیە کە ڕووسیا کورتی هێنابێ و ئەگەر دوا وێسگەکانی ئەو شەڕەش بە زەرەری ڕووسیا کۆتایی نەیەت ئەوا لێت موحەقەق بێت جیهان جگە لەوەی بەرەو دوو قوتبی و بە زیاتریشەوە دەڕوا لە ڕووی ناوچەی بازرگانیش ئەو وڵاتانەی دەکەونە دەرەوەی بازنەی دۆلار زیاتر بە برتر دەبن لە ئەمەریکاو ئەوروپاو یابان.

سایتی زەمەن






# ئێمە، تورکیا و ڕۆژئاوا!

## ئاریز عەبدوڵا


دەڵێی ئەردۆگان فرچکی بە ڕۆژئاوای کوردستانەوە گرتووە، هەرکە بەیانی لە خەو هەڵدەستێ تا دەخەوێ بە بۆنەو بێ بۆنە لە دژی کورد زمانی ناچێتەوە کالانێ و هەڕەشە لە دوای هەڕەشە لە ڕۆژئاوا دەکات. دیارە بۆ ئەو سیاسەتەی پاساوێکی بێمانا دێنێتەوە، بەڵام سوڵتانە، هێزی هەیە و پێی دەخورێ!.

لای هەمووان ڕوونە، کە تورکیای ژێر دەستەی ئەردۆگان نەک هەر پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ هیچ وڵاتێکی دراوسێی خۆی نییە، بگرە لەگەڵ هەمووانیش دوژمنایەتی هەیە، کەچی ئەو تەنیا ئەو نیمچە قەوارەیەی ڕۆژئاوا بە هەڕەشە بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی تورک دەزانێ. ئایا بەڕاستی ڕۆژئاوا مەترسییە، یان ئەوە ئەردۆگان و دەوڵەتەکەیەتی کە لە هیچ شوێنێک چاویان بەرایی نادا کورد بە ئازادی ببینن؟

ئایدۆلۆژیەتی دەوڵەتی تورک ئاشکرایە کە ئەوان بوونی خۆیان لە نەبوونی کورد دەبینن، بۆیە تەنانەت لەگەڵ شەیتانیش ئامادەی هەمو سەودا و سازشێکن بە مەرجێک لە دژی کورد بێ. نامەوێ لێرەدا شرۆڤەی ئەو بابەتە بکەم، بەڵام دەمەوێ باسی ئەوە بکەم کە ئایا ئەگەر ئەزموونی ڕۆژئاوا لە ناوبرا دڵی ئەرۆگان ئاو دەخواتەوە؟
هەرگیز نا، بەڵکو ئەوە دەبێتە هەنگاوی یەکەم بە ئاراستەی جێبەجێکردنی ستراتیژیەتێک کە لەناوبردنی هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لێی.
نابێ ئێمە پێمان وابێ هەڕەشەکانی ئەردۆگان لە ڕۆژئاوا (ئاگرە سورە، لەخۆم دوورە)و بەس. هەر کەس و لایەنێکیش ئەوەی پێ ڕاستبێ کە ئەوە تەنیا دوژمنایەتی و ناکۆکی نێوان دەوڵەتی تورکیا و پەیەدە یان تەنانەت پەکەکەشە زۆر ساویلکەیە،یان وەکو منداڵ بەدەست چاوی ئەگرێ تا پشیلە نەبینێ.

پیلانە درێژخایەنەکەی تورکیا زۆر مەترسیدارە و پێویستە لەبەر چاو بگیرێ. تا کار لە کار نەترازاوە ڕەنگە ئێمەش بتوانین ڕۆڵێکی مرۆڤ دۆستانەمان بۆ خوشک و براکانمان هەبێ و مەترسی سەر هەرێمی کوردستانیش کەم کەینەوە.

نابێ جیاوازی و ناکۆکی نێوان لایەنە کوردستانیەکان پاساوی جێبەجێ نەکردنی ئەرکێکی نیشتمانی بێ لەبەرامبەر ئەو هەڕەشەیەی کە قۆناغی دووەمی بە دڵنیاییەوە پوکاندنەوەی هەرێمی کوردستانە.



YADNAMEیادنامە

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنیە، مانگی جارێ بە کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژویی و ئەدەبیەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەڕە کوردیەکان بڵاو ئەکرێتەوە و سەرجەم کارەکانیشی لەلایەن: "سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهاز) بەهاوکاری بەختیار شارەزووری لە هۆڵەندا سەرپەرشتی ئەکرێ.

Email :sarkawt_47@hotmail.com

Viber& WhatsApp: +31615852703